


پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٦ و ٢٧ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە گومڕایی | سەرنوسەر |
| ٣ | وریای باوەڕەکەت بە | إدريس محمود |
| ٤ | گەورەیی ئارام گرتن لەسەر بەڵاو موسیبەت | سۆران عوسمان |
| ٦ | ناوەکانی خوای گەورە و بیر خستنەوەیەك ! | فلاح حسن |
| ٧ | گرنگی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ژیانی ڕۆژانەماندا | ئادەم عوسمان |
| ٨ | هیوا و ئاوات کورتی لە دونیا | پشتیوان حسن |
| ٩ | پەیامێك بۆ توێژەرانی بەڕێزی دەروونی و کۆمەڵایەتی | جیهاد قادر عەلی |
| ١٠ | چارەسەرکردنی نەخۆشی بە خۆراك ﴿هەنجیر﴾ | بەشی پزیشکی لە ماڵپەڕی بەهەشت |
| ١١ | تاکەی چاوەکانت لە سەیرکردنی حەرام داناخەیت؟ | کەنار کامل |
| ١٢ | ئایا ئاینی ئیسلام لە قۆناغی ئێستایدا پێوستی بە چاکسازی هەیە؟ | د.عبداللطيف أحمد |
| ١٢ | نوێژی بەیانی..پاداشتی ئەنجامدانی و سزای ئەو کەسەی کەوا وازی لێهێناوە | محمد نجم الدين |
| ١٤ | تاوان و ئابڕو | حيدر عدنان |
| ١٥ | حوکمی دەرکەوتنی پێیەکانی ئافرەت،وە ئایا پێیەکانی ئافرەت عەورەتە؟ | ڕێناس محمد |
| ١٧ | خوێنەکانی لەشی ئافرەت وحوکمی هەریەکەیان لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا | صلاح فائق |
| ٢٠ | بەمردنی عەرشی خودای گەورە لەریەوە | پشتیوان محمد |
| ٢١ | نەخۆشی ئایدز | علی خان |
| ٢٢ | مەترسی جلە وەرزشیەکان لەسەر قەبوڵ نەبوونی نوێژەکانمان | هاوار عبدالله |


**تێبینی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

جیهاد قادر/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

بلال جلال / دراساتی ئیسلامی

هێمن عبدالكريم / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

صلاح فائق / دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی

**هەڵەچن : هیوا محمد ( هیوا زیرەك ).**

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە



**بنکەی سەرەکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار**

**کتێبخانە و تۆمارگای بەهەشت – شەقامی گشتی - نزیك فلکەی ناو بازاڕ - تەنیشت چێشتخانەی شێروانە ٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣**

# گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە گومڕایی

گومان لەوەدا نیە کە خوای پەروەردگار هەر نەخۆشیەکی ناردبێتە سەر ڕووی زەوی ئیللا چارەسەریەکەشی لەگەڵدا ناردۆتە خوارەوە ، هەروەکو لە فەرمایشتی پێغەمبەری خۆشەویستدا ﷺ هاتووە : " مَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ دَاءٍ إِلاَّ وَأَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً ... " ( الصحيحة : ٥١٨ ) ، واتە : خوای پەروەردگار هیچ دەرد و نەخۆشیەکی نەناردۆتە خوارەوە ، ئیللا شیفا و چارەسەرەکەشی بۆ ناردۆتە خوارەوە ... ئاشکراشە واتای فەرموودەکە گشتیە و هەموو نەخۆشیەکان دەگرێتەوە ، جا نەخۆشی جەستەیی فەسلەجیەکان بێت ، یان فیکری و ئایدۆلۆژیەکان ، هەمووشی چارەسەری بۆ ڕەوانە کراوە ، تەنها ئەوەندەیە موسوڵمانان بەدوای چارەسەرەکاندا بگەڕێن و بیانگرنەبەر بۆ ڕزگاربوونیان لە نەخۆشیەکە .

ئەوەی کە دەمەوێت لەم کورتەیەدا ئاماژەی پێبکەم نەخۆشیەکی فیکری و ئایدۆلۆژیە کە کاریگەریەکی کوشندەی هەیە لەسەر ئاین و بیروباوەڕی تاك و کۆمەڵگا ، ئەویش بریتیە لە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە زانایانی ئەهلی سوننە و نەگەڕانەوە بۆ لایان یان بۆ لای سەرچاوە و نووسراو و وتەکانیان ، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە گەڕانەوە بۆ لای کەسانێك نەزان و نەخوێنەوار لە شەریعەتدا ، و شوێنکەوتنی بۆچوون و ئارەزووەکانیان !! بۆیە دەبینیت ئەو گەڕانەوەیە بۆلای ئەو جۆرە کەسانە . کە پۆشاکی زانایان پۆشیوە و خۆیان بەو شێوە دەردەخەن . بووەتە هۆی سەرگەردانی کەسانێکی زۆر ، و لاڕێبوونیان لە ڕێگای ڕاست و ئایینی دروست و کەوتنە ناو تۆڕ و پیلانەکانی شەیتان و بانگەشەکارانی ڕێگاکەی !!! بەناو نوێخوازی و میانڕەوی و دژایەتی کردن بۆ توند ڕەوێتی !!!

ئەوەتا پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ پێمان ڕادەگەیەنێت : " إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا ؛ [ فَيَبْقَى نَاسٌ جُهَّالٌ ] اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤُوسًا جُهَّالاً ، فَسُئِلُوا ، فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ [ فَيُفْتُونَ بِرَأْيِهِمْ ] ؛ فَضَلُّوا ، وَأَضَلُّوا " ( رواه البخاري ومسلم وما بين المعقوفتين من رواية البخاري ) ، واتە : خوای پەروەردگار زانست ناباتەوە بەوەرگرتنەوە و دەرکردنی لە ناخی زانایان ، بەڵکو زانست دەباتەوە بە بردنەوە و مردنی زانایان ، تاکو وای لێدێت زانایان ناهێڵێت ، [ و خەڵکی نەزان دەمێننەوە ] ، و سەرانی نەزان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن ، و پرسیاریان لێدەکەن ، و ئەوانیش بەبێ زانستی شەرعی وەڵام دەدەنەوە ، [ یان بە بۆچوون و ڕای خۆیان وەڵام دەدەنەوە ] ، بەوەش خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن ... کەواتە هۆکاری گومڕابوون و لاڕێبوون گەڕانەوەیە بۆ لای نەزان و کەسانی شوێنکەوتەی ڕەئی و هەوا و ئارەزووەکان ... و چارەسەریەکەش گەڕانەوەیە بۆ لای زانایان .

هەربۆیە پێویستە لە سەر هەموو بانگخوازێك . بەڵکو لەسەر هەموو موسوڵمانێك . لەوانە بێت کە سەرخەری زانایانن و پشتیوانیانن ، وە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لایان لە هەموو بوارەکانی ئایینەکەی ، چونکە شوێنکەوتنیان پارێزەرە بۆ ئایینەکەی ، و چاوڕۆشنیەتی بۆ ڕاستیەکان و پارێزەریشە لە گومڕابوون و لاڕێبوونی .

پاشان بەئاگابین لەوانەی کە خەڵکی دەڕەوێننەوە لە زانایان و شوێنکەوتنیان ، چونکە ئەوکارە لە خودی زانایان بێت یان لە خوێندنەوەی فەتوا و کتێبەکانیان ، وەك ئەوەیە هەر بەزیندوویەتی زانایانی مراندبێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

# وریای باوەڕەکەت بە

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ،وبعد :

گەورەترین نیعمەت باوەڕە ، لەدەستدانی ئەو باوەڕەش گەورەترین زیانە ، کەسێك کاڵایەکی بە نرخی هەبێت زۆر بە جوانی هەڵی دەگرێت و پارێزگاری لێدەکات و خەمی ئەوەی لە دڵدایە کەسێك هێرشی نەکاتە سەر و ئەو کاڵایەی لێ ببات ، ئەمە خەمی شتێکی دونیاییە کە ئەگەر لەدەستیشت بچێت لەوانەیە دوای ماوەیەك دەستت بکەوێتەوە خۆ ئەگەر هەر دەستیشت نەکەوێتەوە تاوانبار نابیت و زیان بە دوارۆژت ناگەیەنێت .

ئێمەی موسوڵمان لە باوەڕەکەمان بەنرخترمان نیە بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێکمان تاوەکو مردن بۆ پاراستن و زیاد کردن و پتەوکردنی ئەو باوەڕە بێت ، وە بۆ لابردنی ئەو کۆسپ و ڕێگرانە بێت کە ڕێگە لە پتەوبوونی باوەڕەکەمان دەگرن .

موسوڵمان دەبێت هەمیشە مەترسی لەوە هەبێت کە ڕۆژێك دابێت باوەڕەکەی لەدەست بدات بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کە شەڕ و ئاشوب و بەرەڵڵایی تێیدا بڵاوە ، شەڕخواز بە ئاشتیخواز و ئاشتیخوازیش بە تیرۆریست و بەرەڵڵا بە پیاوچاك و پیاو چاکیش بە دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت .

بەڕاستی ئەگەر کەسێك مەترسی لەدەستدانی باوەڕی نەبێت ئەوە کەسێکی باوەڕ لاواز و نەزانە و لە مەترسیەکی گەورەدایە .

لێرەوە دوو نموونەتان بۆ باس دەکەم دەربارەی ترسی لەدەستدانی باوەڕ لای پێغەمبەران :

١ . پێغەمبەری خوا – ﷺ– زۆر جار ئەم دوعایەی دەکرد : " يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك " واتە : ئەی هەڵگێڕەوەی دڵەکان دڵم جێگیر و چەسپاو بکە لەسەر ئاینەکەت .

عائیشە کە گوێی لەم دوعایە بوو پێی فەرموو : " تخاف على نفسك ؟ " واتە : لە خۆت دەترسیت ؟

پێغەمبەری خوایش – ﷺ– فەرمووی :" يا عائشة ، وما يؤمني وقلوب العباد بين أصبعين من أصابع الرحمن " .

واتە : ئەی عائیشە ، چ شتێك دڵنیام دەکات لە کاتێکدا کە دڵی بەندەکان لە نێوان دوو پەنجەیە لە پەنجەکانی خوای میهرەبان ( چۆنی بوێت وای لێدەکات ) . ( السنة لابن أبي عاصم رقم ٢٤٠ وصححه الألباني ) .

کە پێغەمبەری خوا – ﷺ- لە خۆی ترسا بێت بەو باوەڕە تۆکمەیەوە کە هەیبووە ئەی من و تۆی باوەڕ لاواز چین کە نەترسین و بێخەم بین !

٢ . پێغەمبەر ئیبراهیم لە یەکێك لە دوعاکانیدا کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە فەرموویەتی :

﴿ واجنبني وبني أن نعبد الأصنام ﴾ ( إبراهيم : ٣٥ ) .

واتە : وە پەروەردگارم خۆم و نەوەکانم بەدوور بگرە لە پەرستنی بتەکان .

سبحان الله ! پێغەمبەر ئیبراهیم کە پێشەوای یەکخواپەرستان و شکێنەری بتەکان بووە و وازی لە باوك و گەلەکەی هێناوە لەبەر ئەوەی بتپەرست بوون ، هێشتا دەترسێت لەوەی ڕۆژێك دابێت خۆی و نەوەکانی تووشی بتپەرستی ببن !

بۆیە زانایان فەرموویانە : ( فمن يأمن البلاء بعد إبراهيم ؟! )

واتە : کێ هەیە بێترس بێت لە تووش بوون بە بەڵا لە دوای ئیبراهیم ؟!

جا با هەریەك لە ئێمە خەمی گەورەی پاراستنی باوەڕەکەی بێت ، خەمێك هاندەربێت بۆ کردەوەی چاکە نەك بۆ نائومێدی ڕەشبینی .

خەمێك فرمێسك لە چاوەکانمان داباریێنێ ، و قورئان خوێندن و زیکرمان بیر بخاتەوە .

کۆتایی باسەکەم بە دوعایەکی پێغەمبەری خوا – ﷺ– دەهێنم کە فەرموویەتی :" يا ولي الإسلام وأهله مسكني بالإسلام حتى ألقاك عليه " (الصحيحة : ١٨٣٣ ) .

واتە : ئەی دۆستی ئیسلام و موسوڵمانان پەیوەستم بکە بە ئیسلامەوە تاوەکو دەگەم بە دیدارت لەسەری .

والحمدلله رب العالمين. **إدریس محمود / دەرچوی یاسا**

# گەورەیی ئارام گرتن لەسەر بەڵاو موسیبەت

**الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ، وَبَعْدُ:. خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویستم دیارە کە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ البقرة، واتە:(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، داوای کۆمەکو یارمەتی تەنها لە خوا بکەن بە هۆی ئارام گرتنو نوێژکردنەوە، بەڕاستی خوا لەگەڵ ئارام گرانە). هەڵبەت خوای گەورە ئارام گرتنی پێش نوێژ خستووە، بۆیە ئارامگرتن لەسەر موسیبەت شتێکی مەزنو پێویستە، وئەو کەسەی لەسەر ناڕەحەتیەکان ئارام دەگرێت خوای گەورە پاداشتێکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ الزمر:١٠، واتە: (بەڕاستی تەنها ئارام گران . دیارە ئەم ئارام گرتنەش گشتیەو هەر سێ جۆرەکەی دەگرێتەوە . پاداشتی بێ سنورو بێ ئەندازەیان دەدرێتەوە). ئەمە جگە لەوەی خوای پەروەردگار کەسی ئارامگری لەسەر موسیبەت لە خەسارەتمەندان جیاکردۆتەوە، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾ العصر، ابن كثير . ڕەحمەتی خوای لێبێت . لە ڕاڤەی ئەمەدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴾، ئەو کاتەیە کە مرۆڤی پێدا تێپەڕ دەبێت لە خێرو شەڕ، ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴾، سوێند بەخوا هەموو مرۆڤێك لە خەسارەتمەندی دایە، ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، جا ئەو مرۆڤانەی کە بە دڵ ئیمانیان هێناوەو بە ئەندامەکانی لاشەشیان کاری چاکە دەکەن لە زەرەرمەندان هەڵاوێرکراونو جیاکراونەتەوە،**

**﴿ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ ﴾، وهەڵدەستن بە تاعەت کردنو وازهێنان لە حەرامکراوەکان، ﴿وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ﴾، ولەسەر موسیبەتو قەزاو قەدەرو سەبر گرتنیش لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان دەدەن لەسەر فەرمان کردنیان بە چاکەو قەدەغە کردنیان لە خراپە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن، تفسير ابن كثير:٤٨٠، پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێت: ((الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ -أَوْ: تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، <u>وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ</u>، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ: فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا))، مسلم:٢٢٣، واتە: (پاکو خاوێنی نیوەی . جا بەمەرج نەگیراوە نیوەیەکی ڕاستەقینە بێت . ئیمانە، و(الْحَمْدُ لِلَّهِ)ش تەرازو پڕ دەکات، وە(سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ)ش نێوانی ئاسمانەکانو زەوی پڕ دەکەن، ونوێژیش نورە، وخێرکردنیش ڕاستی ئیمانو گوێڕایەڵی بۆ خوا سەلماندنە، <u>وئارامگرتنیش ڕووناکیە</u>، وقورئانیش بەڵگەیە بۆت، یان: لەسەرت، هەموو خەڵکی بەیانیان زوو دەڕۆن، جا نەفسی خۆی دەفرۆشێت، بەوەش یان: خۆی ڕزگار دەکات، یانیش: خۆی تیا دەبات). ولە فەرموودەیەکی تریشدا (ﷺ)، فەرموویەتی:((عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ: إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ))، مسلم :٨/ ٢٢٧،**

**واتە: (کارو باری بڕوادار جێی سەرسوڕمانە، بێگومان هەموو کارو فرمانێکی مایەی خێرە بۆی، ئەمەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لە باوەڕدار، جا ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی ببێت سوپاسی خوا دەکات، دەبێتە مایەی خێر بۆی، خۆ ئەگەر توشی زیانمەندی ببێت ئارام دەگرێت، هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی).**

**عەطائی کوڕی ئەبو ڕەباح دەفەرمووێ: ابْنُ عَبَّاس (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) پێی فەرمووم: (أَلاَ أُرِيكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَ: هَذِهِ المَرْأَةُ السَّوْدَاءُ، أَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ)، فَقَالَتْ: إِنِّي أُصْرَعُ، وَإِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ لِي، قَالَ: «إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الجَنَّةُ، وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ» فَقَالَتْ: أَصْبِرُ، فَقَالَتْ: إِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ لِي أَنْ لاَ أَتَكَشَّفَ، فَدَعَا لَهَا)، البخاري: ٥٦٥٢،**

**واتە:(ئایا ئافرەتێکی بەهەشتیت نیشان بدەم؟ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەم ئافرەتە ڕەش پێستە، هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وگوتی: بەڕاستی من لەهۆش دەچم و خۆشم دەردەخەم، جا بۆم لە خوا بپاڕێوە، پێغەمبەری خواش (ﷺ)، فەرمووی: (ئەگەر دەتەوێت سەبرت هەبێتو بەهەشتی دەبیت، وە ئەگەر دەشتەوێت بۆت لە خوا دەپاڕێمەوە کە شیفات بدات)، جا گوتی: سەبر دەگرم، وگوتیشی : بەس خۆم دەردەخەم، بۆیە بۆم لە خوا[1] بپاڕێوە کە گیانم دەرنەخەم، ئەویش (ﷺ)، بۆی پاڕایەوە).**

**کەواتە: بۆمان دەردەکەوێت کە ئارامگرتن چ پاداشتێكو فەزڵێکی هەیە، وە خوای گەورە چ پلەیەکی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە ئارام دەگرێت، کاتێك کە موسیبەتێکی بەسەر دێت. بۆیە برای ئازیزم ئەگەر کەسێکیتو سوننەتێکی پێغەمبەر (ﷺ)، زیندوو دەکەیەوەو خەڵکی ئاگادار دەکەیەوە لە بیدعەیەك، ئەوا ڕەنگە هەندێك کەس قسەت پێ بڵێت، یاخود: سوکایەتیت پێ بکات! بۆیە تۆ ئارام بگرە لەسەریو پاداشتت لای خوای گەورەیە، وە خوشکی بەڕێزم ئەگەر تۆ لە ترسی خوا، حیجابێکی شەرعیت پۆشیوە، ڕەنگە کەسانێکی ناحاڵی لە دین گاڵتەت پێ بکەنو بە دوا کەوتوت لە قەڵەم بدەن، دەسا تۆش ئارام بگرە لەسەری؛ چونکە خوای گەورە ئاگای لێتەو ئەجرو پاداشتت لای ئەوە.**

**وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.**

**سۆران عثمان، دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدین.**

---

(( الدنیا بحر عریض ، هلك فیه الأولون والآخرون ، فاجعل تقوي الله سفینتك فإن نجوت فبرحمة الله ، وإن هلكت فبذنوبك )) .

**واتە : دونیا دەریایەکی پان و بەرینە ، زۆرێك لە پێشینان و پاشینانیش تێیدا خنكاون ، جا تۆ لە خواترسان بکە بە کەشتیەك بۆ خۆت لەو دەریایەدا ، ئەگەر ڕزگارت بوو بزانە کە ڕەحم و بەزەیی خوایە ، و ئەگەر لەناوچووی بزانە بە هۆی تاوانەکانتەوەیە .لە ووتەکانی ( لقمان الحکیم )**

---

[1] . سُبْحَانَ اللَّه!! تێبینیەکی زۆر جوان ، ئەویش دەبینین ئەم ئافرەتە مەزنە لە خزمەت پێغەمبەرە (ﷺ) کەچی لەو ناپاڕێتەوە، بەڵکو داوا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات کە بۆی لە خوا بپاڕێتەوە؛ چونکە ئەو خەڵکە خوا پەرست بوونو چاکیش مافو هەقی پێغەمبەریان (ﷺ) دەزانی، ئیتر دوای ئەمە پارێزەرانی گۆڕو شەخص پەرستی بە چ بەڵگەیەك ئەمو ئەو دەپەرستن؟! ئەوە دەبێت بۆ ڕۆژی هەستانەوە وەڵامیان هەبێت.

## ناوەکانی خوای گەورە و بیر خستنەوەیەك !

زانایان هەمیشە ئەوەیان باسکردووە کە یەکێك لە جۆرەکانی یەکخواپەرستی ( **التوحید** ) بریتیە لە باوەڕهێنان بەو ناو وسیفاتانەی خوای گەورە لە قورئان یان فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا هاتووە بە بێ چوواندن و چۆنێتی و نمونە بۆ هێنانەوە یان پەکخستن و لادان لە مانا و مەبەستە دیار و ڕوونەکانیان ، وە ئەم جۆری یەکخواپەرستییە پلەوپایەیەکی مەزن و گرنگیەکی زۆری هەیە ، چونکە مرۆڤی موسوڵمان ناتوانێت بە شێوەیەکی تەواو پەرستشەکانی ئەنجام بدات بە بێ تێگەیشتنی ڕاست و دروست لەم جۆرەی یەکخواپەرستی ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ **ولله الأسماء الحسنى فادعوه بها** ﴾ واتە : بەڕاستی خوای گەورە ناوگەلێکی جوان و مەزنی هەیە ، بۆیە ئێوەش بەو ناوانە لە خوای گەورە بپاڕێنەوە و داوای لێ بکەن ، کە ئەمەش هەردوو جۆری پاڕانەوە دەگرێتەوە ، پاڕانەوەی داواکاری و پاڕانەوەی پەرستن ، کە لە یەکەمیاندا گونجاوتر وایە موسوڵمان بڵێت : ئەی لێبوردە ( **الغفور** ) لێم خۆشبە ، ئەی پارێزەر ( **الحفیظ** ) بمپارێزە ، ئەی ڕۆزیبەخش ( **الرزاق** ) ڕۆزیم بدە ... هتد ، وە لە دووەمیشیاندا پەرستشەکان بە پێی ناوەکان ئەنجام بدات ، بۆ نمونە : موسوڵمان تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لای خوای گەورە لەبەر ناوی ( **التواب** ) وە خۆی لە تاوانی پەنهانی بپارێزێت چونکە ئیمانی بە بینینی ( **البصیر** ) خوای گەورە هەیە وە خۆی لە گوفتاری خراپ و نەشیاو بپارێزیت چونکە خوای گەورە بیسەرە ( **السمیع** ) و ئاگاداری هەموو وورد و درشتێکە ( **اللطیف** ). وە ئەوەی کە زیاتر جێگەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو ناوانەی خوای گەورە کە لە قورئان و فەرمودەی صەحیحدا هاتوون و ئاماژە بۆ سیفەت دەکەن (ناوەکە سیفەتێك دەگرێتە خۆ )، ئەوا سەیری مانای سیفەتەکە دەکەین لە ڕووی ( تێپەڕ و تێنەپەڕییەوە ) :

١) <u>ئەگەر ناوەکە ئاماژە بێت بۆ سیفەتێکی تێپەڕ ، ئەوا سێ تەوەر دەگرێتەوە کە :</u>

أ. سەلماندنی خودی ناوەکە .

ب. سەلماندنی سیفەتی وەرگیراو لە مانای ناوەکە.

ج. سەلماندنی حوکم وداخوازی ناوەکە.

❖ بۆ نمونە ناوی ( **السمیع** ) کە ئاماژەیە بۆسیفەتێکی تێپەر ، ئەوا دەبێت خودی ناوی ( **السمیع** – بیسەر ) وە سیفەتی بیسەرێتی و توانای بیستنی هەموو دەنگێکی بەرز و نزم و تەنانەت چپەش بۆ خوای گەورە بسەلمێنین .

٢) <u>ئەگەر ناوەکە ئاماژە بێت بۆ سیفەتێکی تێنەپەڕ، ئەوا دوو تەوەر دەگرێتەوە :</u>

أ. سەلماندنی خودی ناوەکە .

ب. سەلماندنی سیفەتی وەرگیراو لە مانای ناوەکە.

❖ بۆ نمونە ناوی ( **الحي** ) کە ئاماژەیە بۆ سیفەتێکی تێنەپەڕ ،ئەوا دەبێت خودی ناوی ( **الحي** – هەمیشە زیندوو ) وە پاشان سیفەتی زیندوێتی بۆ خوای گەورە بسەلمێنین .

لە نمونەی یەکەم (**السمیع** ) وە دووەم ( **الحي** ) دەردەکەوێت کە مەبەست لە تێپەڕ و تێنەپەڕ چییە ؟ ئەویش ئەوەیە (تێپەڕ) پێویستی بە (بەرکار)ێك هەیە بۆئەنجامدانی کارەکە ، وە (تێنەپەڕ) ڕاستەوخۆ کارەکە بەئەنجام دەگەیەنرێت بێ ئەوەی پێویستی بە (بەرکار) هەبێت .

فلاح حسن / دەرچوی ئینگلیزی

## گرنگی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، لە ژیانی ڕۆژانەماندا..

**الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبِيَّ بَعْدَهُ، وَبَعْدُ:.** خۆشەویستانی خوێنەر، دیارە بەداخەوە هەندێکمان بیرمان چۆتەوە کە سەروەرو پێشەوامان (ﷺ)، لە هەموو شتە خراپەکان ئاگاداری کردووینەتەوەو چارەسەریشی بۆ داناوین، و هەموو شتە چاکەکانیشی بۆ باسکردووین، هەڵبەت ئەمەش هەمووی بەهۆی کەم شارەزایمانە بە ژیاننامەو زانستی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە بەڕاستی جێگەی ئەسەفە مرۆڤی موسوڵمان بەدوای چارەسەری تردا بگەڕێت دوای ئەمە، وە کاتێك زانستی سەردەم چارەسەرێك بۆ شتێکی خراپ دەدۆزێتەوە، ڕاستەوخۆ بەکار دەهێندرێت و بێ ئاگاشین لەوەی کە سەروەرمان (ﷺ)، چارەسەری بنەڕەتی بۆ داناوین، خۆ ئەوەش گرنگی فێربوون و شارەزابوونی فەرموودەکان و ژیاننامەی سەروەرو پێشەوامان (ﷺ) دەخاتە ڕوو، ئەوەتا سەروەرمان (ﷺ)، چەندان شتی لە پێش (١٤) سەدە لەمەوبەر لە فەرموودەکانیدا فەرمووە، کەچی تازە بە تازە زانست و تەکنەلۆژیا هەستی پێکردوون و یانیش هەستیان پێدەکات.

بۆ نمونە:ـ یەکێك لەوانە سەروەرمان (ﷺ)، لە چەندین فەرموودەدا باسی حەرامی زێڕی کردووە لە سەر پیاوان، وەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((أُحِلَّ لُبْسُ الْحَرِيرِ وَالذَّهَبِ لِنِسَاءِ أُمَّتِي وَحُرِّمَ عَلَى ذُكُورِهَا)). رواه الإمام أحمد، واتە: (پۆشینی ئاوریشم و زێڕ حەڵاڵ کراوە بۆ ئافرەتانی ئوممەتەکەم، وحەرامیش کراوە لەسەر پیاوانی ئوممەتەکەم). کەچی تازە زانستی سەردەم هەستی بەم ڕاستیە کردووەو دەڵێ: ئەگەر ئاڵتون بە هەر کانزایەك بکەوێت دەبێتە هۆی دەرچوونی هەندێك لە تیشك لێوەی بۆ ئەو کانزایەی کە بەری کەوتووە، وە ئەوە بە بەردەوامی ڕوودەدات، جا خەڵکی نازانێت کە گەردیلەکانی ئاڵتون تیشك دەردەدەن لە سەر پێستی مرۆڤ بۆ خوێنی، وە ئەوە دۆزراوەتەوە کە هەموو توش بووان بە نەخۆشی زەهایمەر تووشی جۆرێك لە پیری دەبن، پیربوونێك کە کەسەکە هەموو توانا ژیری و جەستەییەکانی لە دەست داوە، وەکو منداڵێکی لێهاتووە، و ئەوە پیر بونێکی ئاسایی نی یە، بەڵکو پیربوونی نەخۆشیە، ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە زێڕ لە خوێن و میزی ئەم جۆرە نەخۆشانە بەدی دەکرێت، کەوا دادەنرێت هۆکاری تیشکدانی زێر بێت، دیارە کە زێڕ هیچ زیانێکی نیە بۆ ئافرەت، وبەهۆشیەوە تووشی ئەم جۆرە کێشانە نابێت، وەکو چۆن پیاو توشی دەبێت، ئەمەش بۆ هۆی ئەوەی ئافرەت هەرچی تیشکی زیان بەخش هەیە لە لەشی دەر دەچێت بەهۆی سوری مانگانەوە" یان ئەو لینجەی کە هەیە، وە تیشك دانەوەی زێڕ زانایانی فیزیا دەزانن کە چیەو چۆنە.

وە هەروەها سەروەرمان نەهیکردووە لە فووکردن لە دەفری خواردن و خواردنەوە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە، کە ئەبو قەتادە (رضي الله عنه)، دەفەرموویت: بەڕاستی پەیامبەری خوا . صەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت . : ((نَهَى أَن يُتَنَفَّسَ فِي الإِنَاءِ))، البخاري: ٥٦٣٠، ومسلم: ٢٦٧. واتە: (قەدەغەی کردوە هەناسە بکرێتە ناو دەفرەوە . لە کاتی خواردن و خواردنەوە .)! لەوەشیاندا زانستی سەردەم تازە هەستی بە خراپی فووکردنە ناو دەفری خواردن و خواردنەوە کردووە، وەکو هاتووەو دەڵێت: لە دەمی مرۆڤدا بەکتریایی سود بەخش و زیان

بەخش هەیە، جا کاتێك فوو دەکرێت لە دەفری خواردنەوە ئەوا بەکتریا سوود بەخشەکان لە دەم دەردەچن و لەگەڵ گەرمی شلەکە کارلێك دەکەن و دەبن بە بەکتریایی زیان بەخش و دەبنە هۆی زیان گەیاندن.

وە لە فەرموودەیەشدا کە ئەنەسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه)، دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَتَنَفَّسُ فِي الشَّرَابِ ثَلَاثًا، وَيَقُولُ: ((إِنَّهُ أَرْوَى وَأَبْرَأُ وَأَمْرَأُ))، مسلم:٢٠٢٨. واتە: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی خواردنەوەیدا سێ جار هەناسەی دەداو دەیفەرموو: (ئاوا باشتر تینویەتی دەشکێنێو، سەلامەت ترەو، ئاسانتریش دەچێتە گەدەوە).مەبەست هەناسەدانە لەدەرەوەی دەفرەکە، لە ئێستادا هەڵبەت زانستی سەردەمیش ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە کاتێك ئاو دەخۆینەوە با هەناسەی تێدا بدرێت؛ چونکە جگەر سەرچاوەی هەستکردنە بە تینوەتی، جا کاتێك ئاو بە یەکجار دەخورێتەوە ئەوا جگەر ئازار دەخوات، دیارە ئەمەش پاش ماوەیەکی زۆر ئەنجامی خراپی دەبێت، بۆیە لەوەدا ئامۆژگاری خەڵك دەکات کە لە کاتی ئاو خواردنەوەدا هەناسە بدەن؛ چونکە ئاوا باشترە بۆ جگەرو بە هێواشیش جگەر تەڕ دەکات.

وە هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) لە چەندان فەرموودەدا باسی گرنگیو باشی سیواك کردنمان بۆ دەکات، جا دەبینین زانستی سەردەمیش ئەم ڕاستیەی سەلماندووە، کە بە کارهێنانی سیواك کردن چەند بەسوودە، و تا ئێستاش چەندان دکتۆری بەڕێز ئەم ڕاستیە دەسەلمێننو ئامۆژگاریان بە سیواك کردنە. وە نمونەی تریش زۆرە، بەڵام لەبەر درێژی بابەتەکە ئاماژەم پێنەداون، هەڵبەت باسکردنی ئەم بابەتانە لە ڕوانگەی لە خەمەوە بوونی ئیسلامو پەیامبەرەکەیەتی (ﷺ) بۆ مرۆڤایەتی، وزانینیشیان لە زانستی سەردەم مامەڵە کردنە لەگەڵ ژیرو هۆشی هەندێكو هاندانیشی تێدایە، ئەگینا بەر لەمەو دوای ئەوەش مادام پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) فەرمووني، ئەوا لای باوەڕداران بڕوا پێ بوونیان شتێکی هەڵبڕاوە، بەڵکو تێکڕاش دەڵێین : ﴿ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ﴾النور: ٥١، وبۆ خاتری ئەمانەش نایکەین؛ وەڵێ وەکو دینداری ئەنجامی دەدەین، جا لە کۆتایدا:- **اللَّهُمَّ أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَرِزْقًا وَاسِعًا، وَشِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ.**

ئا/ ئادەم عوسمان، پ. کۆمپیوتەری ڕانیە.

===================

## هیوا ئاوات کورتی لە دونیا

نصری کوڕی محمدی سەمەرقەندی دەڵێت: ئەوەی هیواو ئاواتی کورت بێت خوای گەورە چوار بەخششی پێ دەبەخشێت وڕێزداری دەکات بە چوار خەڵات:

**یەکەم**: بەهێزو توانای دەکات لەسەر خواپەرستی، چونکە بەندە کە دەزانێت زوو بەم نزیکیە دەمرێت گوێ نادات بە کاری ئایندەی دووری و هەمیشە کۆشش دەکات بۆ پەرستش وزۆر کردنی.

**دووەم**: غەم وپەژارەی کەم دەبێتەوە چونکە دەزانێت بە زووانە دونیا جێ دەهێڵێت.

**سێیەم**: وای لێ دێت بەکەم ڕازی دەبێت چونکە مادام دەزانێت بەم نزیکیە دەمرێت هەموو ئاواتی دواڕۆژە.

**چوارەم**: دڵی پڕ نوور دەکات.

وە ئەوەشی هیوا وئاواتی درێژ بێت ئەوا خوا سزای دەدات بە چوار شت:

**یەکەم**: تەمەڵی لە عیبادەت.

**دووەم**: غەم وپەژارەی زۆر دەبێت لە دونیادا.

**سێیەم**: سووردەبێت لەسەر کۆکردنەوەی ماڵ وسامان.

**چوارەم**: دڵ ڕەقی دێتەبەرهەم.

**پشتیوان حسن / دەرچوی ئینگلیزی**

# پەیامێك بۆ توێژەرانی بەڕێزی دەروونیو کۆمەلایەتی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، لە پاشاندا:. فێرخوازانی خۆشەویستو سەنگین، ڕاستە هەندێك لە ئێمە خوازیاری لە کۆڵنانی بەشێك لە خەمو ئازاری کۆمەلانی خەڵکە، بۆیە شادیو بەختیاری بۆ ئەمانەی بە ئەرکی سەرشانیان هەڵدەستن، لەم میانەیەشەوە دەمەوێت ڕووی دەمم بکەمە توێژەرانی بەڕێزی کۆمەلایەتیو دەروونی، کە بە تایبەتیش ئەمڕۆ وای لێ هاتووە خەڵکێك ڕوویان لێ دەنێتو دەچنە لایانو خەمەکانی دلی خۆیان لە لا هەڵدەڕێژن، بە هیوای کردنەوەی هەندێك لە گرێ کوێرەکانی ژیانو چارەسەری تەنگو وچەڵەمەکان، بەلام ئەفسوس هەندێك لەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵناستنو کەم تا زۆر ئاڕاستەی چارەسەری ڕاستەقینەیان ناکەن! نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو زۆر جار بۆ خۆشیان تلاونەتەوە لە نارەحەتیەکانی دووری لە سەرچاوە سازگارو دڵ ئاسودەکارەکەی ئیسلام کە ئەویش قورئانو سوننەتە، دۆستان مەگەر بۆ دەبێت چارەسەری یەکلاکەرەوەو شیفای دەردەدڵیەکانمان لە بیر بکرێت؟! ودوورو نزیك خەڵکێك ئاڕاستەکاری باشە نەبێتو وابزاندرێت کۆمەڵێك شتی تری ئەمو ئەو دەرمانن، لە کاتێکیشدا دەردن! ئاخر ئەم ئیسلامە خاوەن پەیامە مەزنە، کە خوای داناو زانا پەیامبەرەکەی . صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ . پێ ڕەوان کردووە، بە ئەندازەیەك هەرچی ئالۆزیو نا ئاسودەیی هەیە هەمووی ڕۆشن کردۆتەوە، تا هەمووان لە دۆخێکی سەقامگیرو تەندروستدا گوزەر بکەنو هیچ پێویستیان بە ئەمو ئەو نەبێت، بەتایبەتی تریش کە ڕێنیشاندەریان نەبن بۆ چارەسەری دەردەکانیان؛ بەڵکو زیاتریش لێیان قوڵ بکەنەوەو توشی خەمۆکیو لە ژیان هەراسان بوون بن، وئای چەند زۆرن ئەمانەی ئەمڕۆ لە خۆیانو دەوروبەریان بێزارنو خوازیاری زۆر شتی چەوتن، وبەداخەوە هەندێکیان پەناشی بۆ دەبەن! جا خۆ سوتاندن بێت، یان: خۆ دەرمانداو کردن، یاخود: خۆ خنکاندن، یانیش کرداری خۆکوژیو هتد بێت، ئەمە بۆ؟! خۆ دیاریشە کە بۆ؟ دیارە بە هۆی نەگرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دروستو بەختیارانەیە لەم ژیانی دونیا، ودواجاریش خۆیان شیاوی تاڵاوی ئەولاش دەکەن . پەنا بە خوا .، بەلام داخەکەم بۆ دەبێت هەندێك لە چینە بەناو خوێندەوارەکەی لەمەڕ خۆمان هێندەی تینووی بیرو فەلسەفەو ڕاسپاردەی ئێرەو ئەولان، ئەوەندە بە ئاگا نەبن لەم هەموو بنەما مەزنو پیرۆزانەی کە لە کتابەکەی خوای ئاسمانەکانو زەوی چنگیان دەکەوێت؟! کە بە درێژایی مێژووش زانایان تیشکیان خستونەتە سەرو هانی کۆمەلانی خەڵکیشیان داوە بۆ ژیانێکی ئاسودە، هەر بۆ نمونە: دەبینین کە چۆن ڕاڤەکاری مەزنی قورئان شێخ سەعدی . بەڕەحمەت بێت . پەرتووکێك لەم بارەیەوە دەنوسێتو ناوی دەنێت: (الوسائل المفيدة للحياة السعيدة)، کەوا دەزاندرێت بە تەنها نامیلکەیەکی ئاوا لە ژووری توێژەرە دەروونیو کۆمەلایەتیەکاندا هەبێت لە قوتابخانەو خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆکان، ئەوا چارەسەری زۆرێك لە گرفتو

> **شێخ ( عبد الرحمن السعدی ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :هاوڕێیەتی کردنی چاکەکاران : زانستە بە سوودەکان و ڕەوشتە جوانەکان و کردارە چاکەکان مسۆگەر دەکات ، وە هاوڕێیەتی کردنی خراپەکاران لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بێ بەش و مەحروم دەکات .**

ناهەموارییەکان دەکات بەویستی خوا، بەڵام ئاخۆ هەر ئاگاشیان لەم باسانەیە؟! چونکە دواجار نابێت ئەوە نادیدە بکرێت کە ئیمان‌و باوەڕ گەورەترین چارەسەرو هەتوانە، بەڵکو هەموو نەخۆشیەکان یان زۆربەیان دەرەنجامی لە دەستدانی ئەمەیە کە باوەڕ دەستەبەری دەکات بۆ بڕوا دار، دوای ئەمە مرۆڤ دەگاتە ئەوەی دڵ بە خەم‌و سامناک نەبێت، ئاخر خوای میهرەبان وەڵامی بێ باوەڕێك بداتەوە، چۆن وەڵامی بەندەی یەکخوا پەرستی ناداتەوە، لەم ژیانە پێنج‌و دوو ڕۆژەی دونیا؟! خۆ ئەنجامیش هاتنە کایەی فەڕەحنایی‌و خۆشبەختیە، کەوایە: کامەرانی‌و ئاسودەیی بۆ ئەمانەی بە ئەرکی سەرشانیان هەڵدەستن‌و بە ئەمەك‌و هەستیارو ئەمەنات پارێزیشن لە هەمبەر گەیاندنیان، هەڵبەت کە ئاوابێت بێگومان کارەکە پیرۆزە، ئەگینا گەندەڵیٔ زۆر جۆری هەیەو لە هەمووشی خراپتر گەندەڵیە لە بەرچاو ڕۆشن نەکردنی فێرخوازان‌و خوازیاران‌و تاکەکانی کۆمەڵگە!! ئیتر هەر شادو سەر بەرز بن ئەمانەی خەمخۆرن‌و شەوو ڕۆژیان بۆ ئاسودەیی خۆیان‌و دەورووبەریان مۆم ئاسا خستۆتە سەر یەك، وەکو:. (ڕێبـوارانی ڕێـگای ڕاســت).

جیهاد قادر عەلی فێرخوازی ماستەر ، ز.قاهیرە.

==========================

## چارەسەرکردنی نەخۆشی بە خۆراك ﴿هەنجیر﴾

١- بۆ چارەسەرکردنی قەبزی بە تایبەتی بۆ ئافرەتانی حامیلە (سکپڕ) دەبێت (٤) هەنجیری ووشك لە ناو ئاو نەرم بکرێتەوە لە یەك کوپی ئاو تا کاتی ئێواران ئینجا بەیانیان دەخورێت لەگەڵ خواردنەوەی ئاوی گیراوەکە پێش نان خواردنی بەیانیان.

٢- کوڵاوی گەڵای داری هەنجیر باشە بۆ ڕێکخستنی ڕێژەی سوڕی مانگانە (عادە)ی ئافرەتان و باشە بۆ چارەسەرکردنی کۆکە.

٣- باشە بۆ غەرغەرەی ناو دەم دژ بە هەوکردنی میکرۆبی ددان و پووك.

٤- کوڵاوی هەنجیری وشك لەگەڵ شیر بۆ چارەسەرکردنی بڕینی گەنیو.

٥- گیراوەی هەنجیری وشك باشە بۆ زیادکردنی ڕێژەی میز.

٦- بۆ زیادکردنی ڕێژەی شیر لە دایکی شیردەر.

٧- بۆ چارەسەرکردنی خاوبوونی ریخۆڵە (٧) هەنجیری ووشك وورد دەکرێت بۆ چەند بەشێك و تێکەڵاودەکرێت لەگەڵ زەیتی زەیتون لەگەڵ چەند پارچەیەکی لیمۆ و جێ هێشتنی تێکەڵاوەکە بۆ ماوەی یەك شەو ئینجا پێشی نان خواردن دەخورێت.

٨- هەنجیر باشە بۆ بەهێزکردنی منداڵ وهەرزەکار و وەرزشکار و مرۆڤی لاواز.

٩- گیراوەی سپی (شیری هەنجیر)ی دەرکراو لە داری هەنجیر باشە بۆ:

أ- شیری هەنجیر لەگەڵ گیراوەی گەڵای داری هەنجیر وەکو مەڵهەم بەکاردێت بۆ کەمکردنی ئازاری مایەسیری پێش نووستن و لەکاتی بەیانیان.

ب- وەکو مەڵهەم بۆ چارەسەرکردنی زیبکەی دەموچاو (حب الشباب) و نەخۆشییەکانی گەڕی و صەدەف ڕۆژی (٤) جار.

ت- بۆ کێشەکانی هەرسکردن و ناتەواوی سوڕی مانگانە دەبێت یەك کەوچکی چێشت خۆر لە شیری هەنجیر (گیراوەی سپیی ئاوی دارەکە) لەگەڵ دوو کەوچکی هەنگوین تێکەڵاو دەکرێن لە ناو یەك کوپی شیر ڕۆژی (٤) کەوچك پێشی کاتی سوڕی مانگانەی ئافرەتان بە (٣) ڕۆژ دەخورێت.

ئا : بەشی پزیشکی لە ماڵپەڕی بەهەشت

## ئاکەی چاوەکانت لە سەیرکردنی حەرام دادەخەیت؟

الحمدلله رب العالمين والصلاة و السلام على رسول الله و على اله وصحبه و سلم،اما بعد:

خوای گەورە پشتیوانمان بێت هەوڵ ئەیەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بدەم، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان لەم تاوانە بێ ئاگان و بەکارێکی سادە و ساکار لێی دەڕوانن، تەنانەت هەندیکیان هەر بیریشی لیناکەنەوە، زۆربەی خەڵك نەزەر کردنی کردوە بە پیشەی ڕۆژانە یان بۆ کات بەسەربردن جا هەر ڕەگەزێ بێت پیاوان بۆ ئافرەتان یان ئافرەتان بۆ پیاوان. ئەگەر ئیمانداران بە ڕوونی بیربکەنەوە هەر ئەندامیك لە ئەندامەکانی لەشی بەرپرسە لە تاوانێك، بۆ نمونە دەست بۆ دزی کردن، زمان بۆ غەیبەت و نەمیمە، چاویش بۆ سەیرکردنی کەسانی نامەحرەم. هەروەك چۆن پیغەمبەری (ﷺ) فەرموویەتی: (فزينا العين النظر) رواه البخاری، انظر فتح الباری ٢٦/١١ واتە: زینای چاو تێڕوانینە. زیناکردن هەر ئەوەنیە کە ئێمە بیری لێ ئەکەینەوە بەڵکو چاویش مرۆڤ بەرەو زینا کردن دەبات هەروەك چۆن (ئەحمد شەوقي) دەڵێت:

نظرة فابتسامة فسلام

فكلام فموعد فلقاء

واتە:تەماشاکردنێك بزەیەکی سەر لێوان و سلاوکردنێکی گفتوگۆیەك و پەیمان بەستنێك و یەکتربینینێك، هەموو ئەم تاوانانە لە نەزەرکردنیکەوە سەرچاوەی گرت خوای گەورە پەنامان بدات.

لە ئایەتێکدا خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ (النور:٣٠)

واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوانی باوەڕدار بڵێ کە چاویان داخەن و تەماشای حەرامی پێ نەکەن، وە داوێنی خۆشیان بپارێزن، ئەوەش چاکترە بۆیان، بەڕاستی خوای گەورە ئاگادارە بەوەی دەیکەن.لەدوای ئەم ئایەتە خوای گەورە ئەفەموێت:﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾(النور: ٣١) واتە: وە بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ چاویان داخەن لە ئاستی حەرام و داوێنیشیان بەپاکی ڕابگرن، وە جوانی و ڕازاوەیی خۆیان بەدەر نەخەن بۆ جگە لە مەحرەمەکانیان.

لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە بێ جیاوازی فەرمانی بە ئافرەتان و پیاوان کردوە کە چاویان دابخەن لە ئاست نامەحرەکانیان،مەرجیش نیە نەزەرکردن تەنها سەیرکردنی ڕاستەوخۆی ڕەگەزی بەرامبەرت بێت بەڵکو سەیرکردنی تریش دەگرێتەوە وەکو سەیرکردنی ئافرەتان و پیاوانی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان دراماکان یان ڤیدیۆی ناشەرعی کە هیچ مەرجێکی شەرعیان تیادا نیە و مرۆڤی موسوڵمان نابێت سەیری ئەو جۆرە شتانە بکات و کاتەکانی بەوانەوە بەفیڕۆ بدات.

لە کۆتایدا، بۆیە دەبێ مرۆڤ لە ئاست شەهوەت و ئارەزووەکانیدا یان فڕ و فێڵەکانی شەیتان خۆڕاگر بێت و سنورێك بۆ کار و کردەوەکانی دابنێت و بیربکاتەوە کە ڕۆژێك دێت لێپرسینەوەی تەواوی کارەکانی بە بچووك و گەورەوە لێدەکرێت.

وصلى الله على نبينا محمد و على اله و أصحابه و التابعين لهم باحسان.

ئا:کەنار کامل، ز.کوردی، ز.سلێمانی

## ئایا ئاینی ئیسلام لە قۆناغی ئێستایدا پێوستی بە چاکسازی هەیە؟

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

ئیسلام بریتی نیە لە کۆمەڵێك قانوون و یاسا کە مرۆڤەکانی سەردەمێك یان هی شوێنێك دانیشتبن و دروستیان کردبێت، ئەگەر بێت و ئیسلام بریتی بێت لە بەرنامەی حیزبێك یان کۆمەڵێك کەس ئەوە هەرچەندە ئاستی رۆشنبیری ئەو کەسانەش بەرزبێت دوای ئەوان کەسانێکی لەوان تێگەیشتووتر دەسکاری دەکەن، یاخود ئەو قانوونەی بۆ شۆێنێك دانراوە پێوستی بە دەسکاری دەبێت لە شوێنێکی تر، بەڵام ئەو ئیسلامە هی خوایە کە کات و شوێن و زەوی وئاسمان و شەو رۆژی داناوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿**أَلا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ**﴾ پەروەردگارێك ئەو دینەی ناردووە کە دەزانێت مرۆڤەکانی پێوستیان بەچی هەیە.بۆیە ئەو ئاینە تا کۆتایی زەمانەو پێویستی بە دەسکاری کردن نییە، بەڵام (**الفتوي تتغير زمانا و مكانا**)، بەڵام هەندێ فەتوای شەرعی بەگوێرەی شوێن و کات دەگۆڕێت، وەکو قەدەغەکردنی فرۆشتنی جاریە کە خەلیفە عمر(رەزای خوای لێ بێت)قەدەغەی کرد کەواتە لە هەر زروفێکدا بە گوێرەی بەرژەوەندی و قازانج لە چی دایە و ژیان لە چی دایە. دەتوانرێت گۆڕنکاری لە و فتوایانەدا بکرێت، واتە ئاینی ئیسلام مەجالی بۆ چەند شتێك هێشتووەتەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەڵام ئەوەی حەرامە حەڵاڵ نابێت. تا رۆژی قیامەت دەسکاری ناکرێت، زینا حەرامە وحەڵاڵ نابێت،بە پێچەوانەوە نوێژ فەرزەو لانابرێت.

﴿لە لایەن بەڕێز د.عبداللطيف وەڵام دراوتەوە﴾

## نوێژی بەیانی..پاداشتی ئەنجامدانی و سزای ئەو کەسەی کەوا وازی لێهێناوە

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

سڵاو و ڕەحمەتی خودا بڕژێت بەسەرتدا ئەی خوێنەری سەنگین..لەڕاستیدا ئێمە گەلێکی موسوڵمانین و باوباپیرانیشمان هەر لەسەر ئەو دینە پیرۆزە ژیاون ،بەڵام بەداخەوە هەندێك یان بابڵێین زۆرێك لەموسوڵمانان حەقی دینەکەی خوای پەروەردگار نادەن و کەمتەرخەمی تیا دەنوێنن لەکاتێکدا خوای پەروەردگار فەرمانمان پێدەکات کەوا بەتەواوی و بەگشتی بچینە ناو بازنەی ئیسلامەتیەوە و واز لەجگە لەبەرنامەی خوای پەروەردگار بهێنین ،هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت﴿**أدخلوا في السلم كافة**﴾واتە بێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە بەتەواوی و بەجوانی هەموو ئیسلام جێبەجێبکەن.....

جا لێرەدا باسی یەکێك لەو نەهامەتیانە دەکەین کەوا زۆرێك لەموسوڵمانان گیرۆدەی بوون ، ئەویش وازهێنانە لە نوێژی بەیانی و ئەنجامنەدانێتی لەمزگەوت لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵماناندا،جا بەیارمەتی خوای گەورە لێرەدا باسی هەندێك لەفەزڵ و پاداشتەکانی نوێژی بەیانی دەکەین و دواتریش تیشکێك دەخەینە سەر هەندێك لەو سزایانەی کەوا دانراوە بۆکەسێك کەوا واز لەنوێژی بەیانی دەهێنێت و تەرکی دەکات:-

١- عن عبد الله، قال:سألت النبي صلى الله عليه وسلم: أي العمل أحب إلى الله؟ قال: (الصلاة على وقتها). البخاري٥٠٤ .واتە پرسیارم لەپێغەمبەری خواکرد(صلى الله عليه وسلم) ئایا چی کردەوەیەك لەلای خوا لەهەموو کردەوەکان خۆشەویسترە؟ ئەویش فەرمووی:-

نوێژکردن لە کاتی خۆیدا...

٣- عن سهل بن سعد الساعدي؛ قال: - قال رسول الله صلى الله عليه وسلم ((ليبشر المشاءون في الظلم بنور تام يوم القيامة)). صحيح ابن ماجه٧٨٠. **واتە:-پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرووی:-موژدە بدەن بەو کەسانەی کەوا لەتاریکی شەودا دەڕۆن بۆ مزگەوتەکان بەوەی کەوا نوورو ڕووناکیەکی تەواویان بۆ هەیە لەڕۆژی دواییدا.**

٣- عن جندب بن عبدالله ،قال رسول الله صلى الله وسلم:(من صلى صلاة الصبح فهو في ذمة الله تعالى).

**واتە:-هەرکەسێك نوێژی بەیانی بکات ئەوا لەژێر چاودێری خوای پەروەردگاردایە.**

٤-قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم) من صلى العشاء في جماعة فكأنما قام نصف الليل ومن صلى الصبح في جماعة فكانماقام الليل كلة.رواه مسلم..**واتە هەرکەسێك نوێژی عیشا بکات بەجەماعەت ئەوا وەکو ئەوە وایە نیوەی ئەو شەوە شەو نوێژبکات ، وە ئەگەر نوێژی بەیانی بکات بە جەماعەت وەکو ئەوە وایە ئەو شەوە بەتەواوی شەو نوێژی کردبێت.**

**سزای ئەو کەسەی کەوا واز لەنوێژی بەیانی دێنێت یان بەکۆمەڵ ئەنجامی نادات:-**

١- عن أبي هريرة قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم: (ليس صلاة أثقل على المنافقين من الفجر والعشاء، ولو يعلمون ما فيهما لأتوهما ولو حبوا، ولقد هممت أن آمر المؤذن فيقيم، ثم آمر رجلا يؤم الناس، ثم آخذ شعلا من نار، فأحرق على من لا يخرج إلى الصلاة بعد). البخاري .

**واتە:پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)فەرمووی:- هیچ نوێژێك نییە کەوا قورستربێت لەسەر مونافیقەکان وەکو نوێژی بەیانی و عیشا،وە ئەگەر ئەوانە بیانزانیایە کەوا چی خێرو پاداشتێك هەیە لەو نوێژانەدا ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر بە سکەخشێش بوایە،وە ئەگەر لەبەر شتێك نەبوایە ئەوا فەرمانم دەکرد بە بانگدەر کەوا بانگ بدات وپاشان بڵێمە کەسێك پێشنوێژی بکات بۆخەڵکی و خۆمیش بڕۆم و پشکۆیەکی ئاگر بەرم لەگەڵ خۆمدا و خانووی ئەو کەسانە بسوتێنم بەسەریاندا کەوا نایەن بۆنوێژی بەکۆمەڵ لەگەڵ موسوڵماناندا.**

**جا برام سەرنج بدە پێغەبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)لەبەر ئەو منداڵ و ئافرەتانە ئەم کارەی نەکرد کەوا بێتاوانن و نوێژی بەکۆمەڵ واجب نییە لەسەریان!! ئایا پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەم کارە دەکات دەرهەق بەسوننەتێك؟!!کەواتە واجبە نوێژکردن بەجەماعەت..**

٢- عن جابر رضي الله عنه،أن رسول الله صلى الله عليه وسسلم يقول:-(ان بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة)رواه مسلم.**واتە بەڕاستی جیاوازی نێوان مرۆڤی موسوڵمان لەگەڵ شیرك و کوفردا بریتیە لەوازهینان لەنوێژ(واتە بەوازهێنان لەنوێژ دەبێتە هۆی کافربوونی ئەو کەسەو ئەمەش ڕای زۆرێك لەزانایانی ئیسلامی لەسەرە).ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا وازیان لەنوێژی بەیانی هێناوە و لەبەرخەوتن یان سەیرکردنی فلیم و سەرقاڵ بوون بە فەیس بووك و بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە نوێژەکەیان ئەنجامنادەن...**

**لەکۆتاشدا داوا لەپەروەردگاری بەتوانا دەکەم کەوا یارمەتیدەرمان بێت بۆئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی کەوا خۆی پێی خۆشەو پێی ڕازییە...**

**محمد نجم صالح/کۆلێژی پزیشکی/زانکۆی سلێمانی**

# تاوان و ئابڕو

بەناوی خوا ی بەخشندەی میهرەبان ، دروود و سەلام بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئازیزمان محمد (**صلی الله علیه وسلم** ) وە بۆ سەر نەوەکان یارویاوەران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی ...بەڕێزان ئەوەی کە خوێنەری ڕاستەقینەیە با لەگەڵماندا بێت دڵی لامان بێت بە گوێ ی دڵ بیسەرمان بێت لەخوا ئەپاڕێمەوە کە خوای گەورە سەربەرزو سەرکەوتووت بکات.....

بەشێك لە خۆشبەختی مرۆڤ لە ژیاندا بریتیە لەوەی کە لەناو خەڵکدا ڕێزدار و بە پلە و پایە بێت ، وە خەڵکی خۆشیان بوێت هاوکاری بکەن و ڕێزو حورمەتی لێبگرن ، چونکە مرۆڤ ئەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بەجۆرێك کە بەزوبانی حاڵ دەڵێت منیش هەم ،هەر مرۆڤێك ڕێزی خۆی بە خۆیەوەتی ، کە لەکردار وگوفتار پێشاندەدریت ، لێرەشەوە پەیامێك بۆ ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە فەرمانگەکانی حکومەت یان ئەو فرۆشیارە بەڕێزانەی کە لەبازاڕ کاردەکەن وە پەیوەندی ڕاستەوخۆتان هەیە بەخەڵکەوە ، یان لەهەر شوێنێکیت وە مامەڵەی ڕاستەوخۆت هەیە لەگەڵ خەڵکدا ، پێتان ئەڵێم ئێوە پێگەیەکی گرنگتان هەیە لە کۆمەڵگا و خزمەت دەکەن دەستتان خۆش بێت لاشەتان ساغ بێت بەڵام تکایەکم هەیە لە جەنابتان " کە هەندێك نەرم و نیان بە تەحەموول بن لەگەڵ خەڵکدا ، تکایە ئەو هەستەیان پێ ببەخشن کە گرنگیان پێدەدەن ، چونکە هیچ کەس پێی خۆش نیە بە ڕەقی لەگەڵیدا مامەڵەبکرێت ، چونکە سەلامەتی کۆمەڵگا لە سەلامەتی تاکەکانیەوەیەتی ،ئەوەشم لەبیر نەچیت کە پاداشتی سەبر و ئارامیتان زۆر گەورەیە لای خوای پەروەردگار، بەڕێزان دەگەڕێمەوە سەر باسەکەم کە ئەویش ئەو خۆشبەختیەیە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات لە چاك مامەڵە کردنی دەوروبەری لەگەڵیدا واتە ئەو کەسە کەسێکی بە ئابڕووە و خەڵکی ڕێزی لێدەگرن هاوکاری دەکەن ،بەڵام مرۆڤ بەدەستی خۆی ئەم خۆشبەختیە لەخۆی دەسێنێتەوە ، چۆن؟ سزای گوناه وتاوان ،چ گوناهێك وا نەزانی مەبەستم تاوانی ئاشکرایە ،چونکە تاوانی ئاشکرا بۆ خەڵك دەردەکەوێت و پێویستی بەباس نیە ، بەڵکو تاوانی پەنهان ، سزای تاوانی مرۆڤ لە دونیادا بریتیە لە کەوتنی ئابڕوو و پلەو ڕێزو حورمەتی لای خوای گەورە وە پاشان لای خەڵکی بەبێ ئەوەی ئاگاداری گوناهەکەتیش بن ،ڕێزدارترین کەس لای خوا بە تەقوا ترینیانە ،بەرزترین پلەش لای خودا هی گوێڕایەڵترینیانە،واتە پلە و پایەی بەندەکان لای خوا بەپێی گوێڕایەڵیکردنە بۆی- **سبحانه وتعالی**-،ئەگەر سەرپێچی کرد و فەرمانەکانی پشت گوێ خست ئەوا لەبەرچاوی خوای گەورە دەکەوێت وە پاشانیش لەبەرچاوی بەندەکانیشی وە ئابڕووی کاڵ دەبێتەوە هەڵسوکەوتی دەگۆڕێت ، خەڵکیش بەپێی ئەو ئابڕووەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئای لەو ژیانە تاڵەی کە ئەم جۆرە کەسانە هەیانە ، لەدەرەوە پیشاندانی چاکەکاری – بێ سوودە–وە لەناوەوەش کۆکردنەوەی گوناه و تاوان ، لەناوخەڵکیشدا سەنگێکی نیە هەمیشە خەمۆکی ودڵەڕاوکی هاوڕێیەتی، ئایا ئەم ئازارە لەکوێی ئەو چێژە کاتیەیە کە لە تاواندا دەستی دەکەوێت، ئەمە تاڵی گویژاڵکە بەرامبەر شیرینی هەنگوین.

لە گەورەترین نیعمەتی خوای گەورە بۆ بەندەکانی لە هەردوو جیهاندا ئەوەیە کە پلە و پایەی بەرز دەکاتە و

ڕێزداری دەکات لەناو خەڵکیدا،ئەمەش تایبەتمەندیەکە تایبەتە بە پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- وەکو دەفەرموویێت { واذكر عبادنا إبراهيم وإسحاق ويعقوب أولي الأيدي والأبصار (٤٥) إنا أخلصناهم بخالصة ذكرى الدار(٤٦) } (ص: ٤٥_٤٦) واتە : تایبەتمەندیەکمان پێان بەخشیوە، ئەویش ناو هێنانە بەچاکە کە لە دونیادا ،سەرنجە قورئان بدە چەندە باسی پێغەمبەر ئیبراهیمی کردووە، ئەو سیفەتەش بریتیە لە زمان پاکی و ڕاستگویی کە پێغەمبەر ئیبراهیم لە خودای داواکردووە وەکو دەفەرموویێت (وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ ) (الشعراء:٨٤)، خوای گەورە لەبارەی پێغەمبەر ئیبراهیم- علیه السلام- دەفەرموویێت (وَوَهَبْنَا لَهُمْ مِنْ رَحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا ) (مريم: ٥٠) وە بە پێغەمبەری ئازیزیشمان دەفەرموویێت (وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ) (الشرح:٥)

لەکۆتاییدا ئەوە ماوە کە بڵێم شوێنکەوتوانی پێغەمبەران بەشێکیان لەو تایبەتمەندیە دەستدەکەوێت کە خوا بە پێغەمبەرانی بەخشیووە لە ڕێزو پلەبەرزی ،ئەوبەشە بەپێی میراتەکەت لە گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنت بۆیان ، هەرکەسێکیش پێچەوانەی فەرمانیان جوڵابێتەوە ئەوا ئەو بەشەی بەرنەکەوتوە بەپێی گوناه و تاوانەکانی ، ئازیزان با هەوڵ بدەین زۆرترین میراتمان بەرکەوێت لە میراتی پێغەمبەری خوا ئەویش بە گوێ ڕایەڵی کردنی لە ئاشکرا و لە پەنهاندا ،خوای گەورە یارو یاوەرتان بێت ، سوپاس بۆ خوێندنەوەتان ،بەهیوای سوودمەندبونتان.

سەرچاوە : کتێبی (الداء والدواء)زانایی پایەبەر ابن القیم

**حیدر عدنان کریم : پزیشکی دەرمانساز**

## حوکمی دەرکەوتنی پێیەکانی ئافرەت،وە ئایا پێیەکانی ئافرەت عەورەتە؟

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمدلله رب العالمين والصلاه والسلام على خاتم الانبياو والمرسلين وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه اجمعين وبعد:**

خوشکە بەڕێزەکانم، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە ئاشکرا ئەبینرێت کە زۆرێك لە خوشکان حجاب ئەپۆشن ، بەڵام حجابەکەیان کورتە یان بەبێ داپۆشینی قاچەکانیان ، بەمەش کە بەرێگادا ئەڕۆن پێیەکانیان دەرئەکەون کە ئەمەش مخالەفەی شرعی خوای گەورەیە، چونکە پێیەکانی ئافرەت عەورەتن و بە هەموو شێوەیەك دەبێت داپۆشرێن لەبەرچاوی کەسانی نامەحرەم.

یەکێك لە بەڵگە ئاشکراکان سەبارەت بە دەرخستنی پێییەکانی ئافرەت و حەرام بونیان ئەو فەرمودەیەیە کە ابن عمر ڕەزای خوای گەورەیان لێبێت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (من جر ثوبه خيلاء لم ينظر الله إليه يوم القيامة). فقالت أم سلمة فكيف يصنع النساء بذيولهن؟ قال: «يرخين شبراً». قالت إذن تنكشف أقدامهن!. قال: «فيرخينه ذراعاً ولا يزدن عليه». (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٨٦٤) واتە: هەرکەس بۆ فیز و تەکەبور پۆشاکەکەی شۆڕ بکاتەوە خوای پەروەردگار لە قیامەتدا تەماشای ناکات.أم سلمە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەی پەیامبەری خوا (ﷺ)ئافرەتان چی بکەن بەدامێنەی کراسەکانیان؟ فەرمووی: با بستێك شۆڕی بکەنەوە، أم سلمە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: کەواتە پێکانیان دەر دەکەوێت ؟! ئەویش فەرمووی: با باڵێك

شۆڕی بکەنەوە،وە ناشبێت لەوە زیاتر شۆڕی بکەنەوە.
قال الشيخ ابن عثيمين في رسالته "رسالة الحجاب " ((.. ففي هذا الحديث ﴿المذكور سابقاً﴾ دليل على وجوب ستر قدم المرأة)
شێخ ابن عیثمین لە رسالەکەیدا (رساله الحجاب) دا ئەفەرموێت: ((ئەم حدیثە (کە پێشتر ئاماژەی پێکرا) بەڵگەیە لەسەر داپۆشینی پێیەکانی ئافرەت))
بەڵگەیەکی تر خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت: {وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ} {سورة النور٣١} مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە پێویستە ئافرەتان پێیەکانیان داپۆشن و دەری نەخەن.
شێخ الالبانی لە کتابەکەیدا (جلباب المرأه المسلمه) لاپەرە ٨٠ دا ئەفەرموێت: (پاشان بێگومان وتەی خوای گەورە کە فەرمویەتی: (ولا یضربن بأرجلهن لیعلم ما یخفین من زینتهن) واتە: وە هەروەها ژنان – لەکاتی رۆیشتندا – نابێ پێیان بەزەویدا بدەن کە بزانرێت چ خشڵ و زینەتێکیان شاردووەتەوە. (لەسەردەمی نەفامیدا ژنان بەلای خەڵکدا ئەڕۆیشتن و توند قاچیان بەزەوییدا دەداو خڕەی خرخاڵ و پاوانە و بازنەکانیان ئەهات تا مەردوم سەیریان بکات، جا خوای گەورە فەرمووی نابێ ئەو کارە بکەن، ئێستایش گەلێ لە ژنان جۆرە پێڵاوێ لە پێ ئەکەن و لەکاتی رۆیشتندا توند بەزەویی دەدەن و تەقەی دێت !!) دەلالەت ئەکاتە سەر ئەوەی کە بێگومان ئافرەتان پێویستە (واجب) لەسەریان کە پێیەکانیان داپۆشن، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا هیچ ئافرەتێك ناتوانێت جوانی و زینەتی بەتەواوی بشارێتەوە کەبریتییە لەخرخاڵ، وە بەو داپۆشینی پێیە ئافرەت بێ پێویست نابێت لەوەی کە پێیەکانی بدات بەزەویدا، بەڵکو ناتوانێت ئەو کارەبکات ، چونکە پێچەوانەیە بۆ ئەو شەرعەی کە دیارە چی ئەوێت).
لەم بەڵگانەوە دەرکەوت کە پێیەکانی ئافرەتان پێویستە داپۆشرێن و داپۆشینیشیان تەنها بە گۆرەوی بەس نیە هەر چەنە گۆرەویەکانیش ئەستوربن ، چونکە قەبارەی پێیەکان دەرئەخەن ، بەڵکو پێویستە عاباکانیان ئەوەنە درێژبێت کە قەبارەی پێیەکانیان دەرنەخات ، وە سەبارەت بەو بیانوەی خوشکان کە دەڵێن ئەگەر عاباکانمان درێژبێت کاتێك بە شوێنێکی پیسدا ڕۆشتین ئەوا جلەکانمان پیس ئەبێت ، لە ئافرەتێکەوە کە دایکی منداڵی إبراهیم ی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی عوف بوو پرسیاری لە أم سلمە ی خێزانی پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ)و فەرمووی: من ئافرەتێکم پالێمی جلەکانم درێژ دەکەم و بە شوێنی پیسیشدا دەڕۆم؟ أم سلمەش وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەموویەتی: زەوی یە پاکەکەی دوای ئەو شوێنە پیسە پاك دەکاتەوە. عن أم ولد لإبراهيم بن عبد الرحمن بن عوف أنها سألت أم سلمة زوج النبي صلي الله عليه وسلم فقالت: إني امرأة أطيل ذيلي و أمشي في المكان القذر؟ فقالت أم سلمة: قال رسول الله (ﷺ)يطهرة ما بعدة. (صحيح سنن ابن ماجة ٤٣٠، موطأ الإمام مالك٤٤/٢٧، سنن أبي داود(عون المعبود)٣٧٩/٤٤/٢.
بەڕاستی سەیرە ئافرەتانی صەحابە چەن خەمخۆر بوون بەرامبەر بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چەنێك پۆشتە بوون بەجۆرێك عاباکەیان ئەوەنە درێژ بووە تا ئەو ئاستەی کە لەکاتی ڕۆشتنیاندا پیسیان بەرکەوتوە....بەڵام بەداخەوە خوشکانی ئەم سەردەمە بە بیانووی جۆرا و

جۆر نەك هەر عاباكانیان درێژ نیە بەڵكو گۆرەویش لەپێناكەن، كە ئاخۆ ئەمە چ خۆشەویستی و گوێرایەڵی كردنێك بێت بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، صحابيات بە ماڵ و خێزان و موڵك و هەموو شتێكیانەوە خۆیان بەخت ئەكرد لە پێناو بەدەست هێنانی رەزامەندی خوای پەروەردگار، كەچی خوشكانی ئەم سەردەمە ناتوانن تەنانەت گۆرەوییش لەپێ بكەن!

لە كۆتایدا، ئەم كۆمەڵە ئامۆژگاریەم بۆ هەموو خوشكێكە كە خوای گەورە و پێغەمبەری خوایان بەراستی خۆش ئەوێت تا ئاگاداربن وە بەڵێن بدات بە خوای پەروەردگار كە پێیەكانیشی داپۆشێت لە ئاست كەسانی نامەحرەم، وە ئامۆژگارییەكیشە بۆ برایانی دەستگرتوو بە قورئان و سوونەتەوە كە ئاگاداربێت و هەرگیز ڕازی نەبێت كە خێزانی یاخود مەحرەمەكانی بە پۆشینی جل و بەرگی نەشیاو و دەركەوتنی جسم و قاچیان بڕۆنە دەرەوە ، لەبەرئەوەی ئەم حجابانەی كە خوشكان لەبەری ئەكەن بە تەنها بەس نین و داپۆشەری هەموو لەش نین ، بەڵكو پێویستە لەسەریان عاباش بدەن بە خۆیاندا تا دووربن لە هۆكاری فیتنە نانەوە.

وە بیریشتان بێت خوای گەورە لە سورەتی النساء ئایەتی ٨٦ دا ئەفەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا} واتە: {بەڕاستی خوا بەحسابی هەمووشتێك دەگاو لەگشت كەسێك دەپرسێتەوەو پاداشتی هەمووكارێكیش ئەداتەوە}

وأسأل الله أن يجمِّلني وإياكِ بالستر والعفاف وأن يقينا شر التبرج والسفور وأن يزيدنا ستراً وحشمة .

نوسینی: ڕێناس محمد، زانكۆی سلێمانی

===================

## خوێنەكانی لەشی ئافرەت وحوكمی هەریەكەیان لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا

خوشكانی بەڕێزو خوێندكارانی ئازیز بۆئەم ژمارە نوێییەی بڵاوكراوەی زانست ئەم بابەتەم بۆئامادەكردون ، هیوادارم لێی سودمەندبن وهۆكارێك بێت بۆشارەزابوون لەبابەتێكی گرنگی شەرع كە تایبەتە بەئێوەی بەڕێز، وە هیوادارم وەڵامێك بێت بۆ پرسیارە شاراوەكانتان كە تائێستا لەبەر شەرم یاخود هەر هۆكارێكی تر قەتیسماوە لەناختاندا، خوشكانی ئازیز سێ جۆر خوێن هەن لە لەشی ئافرەتدا كە هەر جۆرەو حوكم وتایبەتمەندی خۆی هەیە ئەو سێ جۆرە خوێنەش ئەمانەن (خوێنی بێ نوێژی) و (خوێنی زەیسانی) و (خوێنی نەخۆشی) . ئێمە لە ژمارەكانی ڕابردوودا باسی یەكەم و دووەم جۆرمان كرد، بەویستی خوا لەم ژمارەیەدا باسی (خوێنی نەخۆشی) دەكەین.

خوێنی نەخۆشی:

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

✐خاڵی یەكەم: پێناسەكەی.

✐خـــاڵی دووەم: چـــۆنیەتی جیاكردنـــەوەی خوێنەكە.

### خاڵی یەكەم: پێناسەكەی:

خوێنی نەخۆشی: بریتیە لەو خوێنەی كە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بە بەردەوامی یان پچڕپچڕ لە غەیری كاتو حاڵەتی ئاسایی خۆی دا، بە هۆی نەخۆشیەوە.

### خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاكردنەوەی خوێنەكە:

وەكو وتمان ئەم خوێنە لەكاتو حاڵەتی ناوەختدا دەردەچێت، پێ دەچێ بە بەردەوام ئەم خوێنە لەگەڵ

ئافرەتدا هەبێ، یان بەشێوە پچڕپچڕو سات سات، بۆیە جاری واهەیە لەگەڵ خوێنی بێ نوێژی دا تێکەڵ دەبێ. جا بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ ئەم خوێنە لە خوێنی بێ نوێژی جیابکاتەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات بەپێی حاڵەتەکەی خۆی:

**حاڵــەتی یەکــەم:** پــێش ئــەوەی توشــی خــوێنی نەخۆشــی ببێــت، مــاوەی بــێ نوێــژی لای ئافرەتەکــە زانراوبێــتو بزانێــت مــاوەی بــێ نوێژیەکــەی چــەندە، لــەم حاڵەتــەدا ئــەو مــاوە زانــراوە بــە مــاوەی بــێ نوێــژی بــۆی دادەنرێــت، وە جگــە لــەوەیش بــە نەخۆشی دەژمێرێت.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

«أُمُّ سَلَمَةَ »پرســیاری لـــە پێغەمبـــەری خـــوا «ﷺ» کــرد لــە بــارەی ئافرەتێکــەوە، خــوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی:

« لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنَ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيبَهَا الَّذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكْ الصَّلَاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنْ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ثُمَّ لِتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّ فِيهِ». واتــە:« بــا تەماشــا بکــات ، بــەماوەی ئــەو شــەو و ڕۆژانــەی کەلــە پــێش دا تێیــدا تووشــی حــەیز دەهــات لــەمانگێك دا، پــێش ئــەوەی تووشــی ئــەوە ببێــت کــە تووشــی بــوو، جــا – لەوماوەیــەدا – واز لــە نوێــژ بێنێــت ، جــا ئەگــەر ئــەوە نــەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات»(٢)

ئــەوەی کــە«حديث» باســی دەکــات حوکمێکــە ســەبارەت بــەو ئافرەتانــەی کــە لــە کــاتی ســاغی داو پــێش ئــەوەی توشــی خــوێنی نەخۆشــی بــن، لەهــەر مانگێکـــــدا ڕۆژانێکـــــی دیـــــاری کـــــراوو زانراویـــــان هــەبووە کــە تێیــدا تووشــی بــێ نوێــژی بــوون، پاشــان توشـــــی خـــــوێنی نەخۆشـــــی هـــــاتوون. پێغەمبـــەریش«ﷺ» بـــەو جـــۆرە ئامۆژگـــاری ئافرەتــان دەکــاتو فــەرمانیان پــێ دەکــات: کــە بەئەنــدازەی ئــەو ڕۆژە زانراوانــەی پێشــوتریان کــە تێیــدا توشــی بــێ نوێــژی بــوون واز لــە نوێــژ بهێــنن و خۆیــان بــە حــەیزدار بزانــن، جــا کــە ژمــارەی ئــەو ڕۆژە زانراوانــەیان تــەواو کــرد، پێویــستە خویــان بشــۆن و دەست بکەنەوە بە نوێژ.

هــەروەك ئیمــامی«ابن تيمية» بەڕەحمــەت بــێ لــە « مجموع الفتاوى ٢١ / ٦٢٨» دەفەرموێ:

« وَهَذَا الْحَدِيثِ أَخَذَ جُمْهُورُ الْعُلَمَاءِ فِي الْمُسْتَحَاضَةِ الْمُعْتَادَةِ . أَنَّهَا تَرْجِعُ إلَى عَادَتِهَا وَهُوَ مَذْهَبُ أَبِي حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيِّ وَالْإِمَامِ أَحْمَد ».

« واتە بە پێی ئەو حەدیسە زۆرینەی زانایان فەتوایان داوە دەربارەی ئافرەتێ کە توشی خوێنی نەخۆشی هاتبێو ماوەی بێ نوێژیەکەی زانراوبێ، ئەویش ئەوەیە ئافرەتەکە بۆ دیاریکردنی ماوەی بێ نوێژیەکەی دەبێ پەنا بەرێتە بەر ماوە زانراوەکەی خۆیو بیکاتە پێوەرو مەرجەعێك بۆ خۆی..... ».

**حاڵــەتی دووەم:** ئەوەیــە کــە بــەردەوام خــوێنی لێ بێــت و لــە پێشیــشدا ڕۆژانێکــی زانــراوی نــەبووە بــۆ دیــاری کردنــی مــاوەی بــێ نوێژیەکــەی، یــان هــەیبووە بــەڵام لــە یــادی نــەماوە، وە یــان هــەر بــە نەخۆشیەوە بــاڵغ بــوبێ، وە نــاتوانێ خــوێنی حــەیزو نەخۆشــی جیابکاتــەوە لــە یــەك ، ئــەوا لــەم حاڵەتــەدا حەیزەکـــەی شـــەش ڕۆژ یـــان حـــەوت ڕۆژی بـــۆ

(٢)**صحيح:** سنن أبي داود – كتاب الطهارة –

دادەنرێت لە مانگێکەدا وەکو عادەتی زۆر بەی ئافرەتانە، وە ڕۆژانی تریشی هەمووی بە نەخۆشی بۆ دادەنرێت.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

« حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ » دەفەرموێ: توشی خوێنی نەخۆشی هاتم زۆر بەتوندی، هاتمە لای پێغەمبەر«ﷺ» لەو بارەوە پرسیاری لێ بکەم، بینیم لەماڵی زەینەبی کچی جەحشی خوشکم بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» توشی خوێنی نەخۆشی بووم زۆر بەسەختی، چ دەفەرمووێ، لەکاتێکدا ئەو خوێنە نایەڵێ نوێژ بکەمو ڕۆژو بگرم؟

پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووێ:

« فَقَالَ أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ ».واتە« پارچە لۆکەیەك هەڵگرەو لە دامێنتی دانێ، خوێنەکە لا دەبات ».

وتی: خوێنەکە لەوە زیاترو سەخت ترە بەلۆکە بگیرسێتەوە.

فەرمووی: « فَاتَّخِذِي ثَوْبًا ». واتە « بەپەڕۆیەك توند بیبەستە ».

وتی: زۆر لەوە زیاترە بە پەڕۆ بوەستێتەوە، چونکە بەخوڕپێیدا دێتە خوارێ.

ئەو جا پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:

« سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيَّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَأَ عَنْكِ مِنْ الْآخَرِ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ».

واتە « فەرمانت پێ دەکەم بە دوو شت ، هەر کامیان بکەیت ، ئەوە ئەوی ترت لە سەر دەکەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووکیانت بوو ئەوە خۆت دەزانیت».

پاشان پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:

« ئائەو حاڵەتەی تۆ ئازارێکە لە ئازاەکانی شەیتان، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوادا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە بکەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەکە پێکەوە بکەیت ، ئەوە بیکە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بکەیت ، ئەوە وا بکە و نوێژ بکە و ڕۆژوویش بگرە ئەگەر توانات لە سەری هەبوو . وە پێغەمبەری خوا «ﷺ» فەرمووی: وە ئەمەی دواییانم پێ خۆشترە»(٣)

ئەوەی کە «حديث»ەکە باسی دەکات مەبەست پێی ئافرەتێکە هەر لەسەرەتای کەوتنە سەر خوێنی لەم حاڵەتەدا بووەو، لەپێش ئەم حاڵەتەش ڕۆژانێکی زانراوی نەبووە، تاوەکو بزانێ پێشتر لەمانگێکدا چەندێ لە بێ نوێژی دا دەمایەوە، وە ناشتوانێ خوێنی حەیزەکەی لە خوێنی نەخۆشی جیا بکاتەوە، ئەوە

(٣)حسن: سنن أبي داود -كتاب الطهارة-

پێغەمبەر«ﷺ»کاری ئەم ئافرەتەی گێڕاوەتەوە بۆ عورف و عادەتو حاڵی زۆربەی ئافرەتان کە شەش تا حەوت ڕۆژ بە ماوەی بێ نوێژی دادەنرێ .

**حاڵەتی سێیەم:** ئەوەیە ئافرەتەکە هەر لەسەرەتاوە عادەتێکی نەبووە لەسەری بڕوات و کاری پێ کردبێ، بەڵام بتوانێ خوێنی بێ نوێژی لە خوێنی نەخۆشی جیابکاتەوە، بە پێی ڕەنگەکانیان کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا کار بەجیاکردنەوەکەی خۆی دەکات.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ»کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:

« إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».واتە « ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن بهێنە، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»[٤]

ئیمامی « الشوكاني» لە « نيل الأوطار١ / ٣٤١» دا دەفەرموێ:

« ئەم فەرموودەیە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە ڕەنگی خوێنەکە گرنگە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی، جا ئەگەر خوێنەکە شێوەی ڕەشی لە خۆگرت ئەوە خوێنی بێ نوێژیە، ئەگەر نا ئەوە خوێنی نەخۆشیە».

(٤)حسن سنن أبي داود - كتاب الطهارة -

ڕەشیەتی ڕەنگی خوێنەکە کاتێك دەکرێتە پێوەرو نیشانە بۆ ناسینەوەی خوێنی بێ نوێژی، کە ئەو خوێنە تێکەڵ بووبێ لەگەڵ خوێنی نەخۆشی، واتە هەرکاتێك ئافرەتێك توشی خوێنی نەخۆشی هاتبوو، وەلەو ماوەیەشدا کەوتە بێ نوێژیەوە ئەوە دەتوانێ ڕۆژانی حەیزەکەی بە ڕەنگی خوێنەکە دیاری بکات، هەتا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەش بێ ئەوە حەیزە، کەی ڕەنگی ڕەشیەکەی نەما ئەوە خوێنی نەخۆشییە.

تمام المنة ١٣٦.

ئامادەکردنی : ئەندازیار : صلاح فائق مردان

====================

## بەمردنی عەرشی خودای گەورە لەریەوە

**(سەعدی کوڕی موعاذ)**

لەتەمەنی سی ویەك ساڵیدا موسڵمان بوو ...

لەتەمەنی سی وحەوت ساڵیدا شەهیدبوو....

جا لەنێوان ڕۆژی موسڵمان بوونی و، ڕۆژی کۆچکردنیدا ئەم هاوەڵە ڕۆژانێکی بەرزی لەخزمەتکردنی دینی خودا وپێغەمبەرەکەی بەسەر برد لەکاتی غەزای خەندەقدا چەند ڕۆژێك شاری مەدینە ڕووبەڕووی ئابڵوقەیەکی ترسناك بوویەوە ..... موسڵمانەکانیش کاڵای جەنگیان پۆشی ،ئەم هاوەڵەش شمشێرو ڕمەکەی هەڵگرت هاتە دەرەوە ئەوەبوو لەیەکێك لەهەڵمەتەکانیدا باڵی تیرێکی کوژەری بەرکەوت ، کەیەکێك لە بێ باوەڕەکان تێی گرتبوو جا خوێن لەدەمارەکانی دەهاتە دەرەوە ، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی کرد کە هەڵیبگرن و بیبەن بۆ مزگەوت و تێیدا چادرێکی بۆ هەڵبدەن تا لەکاتی چارەسازیدا هەمیشە نزیك بێت .

جا موسڵمانەکان لاوە مەزنەکایان هەڵگرت بۆ شوێنەکەی لەمزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)

(سەعد)یش چاوی هەڵهێنا و سەرنجی ئاسمانی داو ووتی :

(خودایە گەر شتێك لەجەنگی قوڕەیش ماوە ئەوا بمهێڵەرەوە بۆی ، چونكە هیچ هۆزێك نیە ئەوەندە حەزبكەم لەدژیان بجەنگم وەك ئەو هۆزەی ئەشكەنجەی پێغەمبەرەكەیان دابێت بەدرۆزنیان دانا و دەریانكرد ....ئەگەر شەڕیشت لە نێوان ئێمەو ئەواندا تەواو كردووە ،ئەوا ئەوەی تووشم بووە بیكەرە ڕێگەی شەهیدبوونم ... )

مەترسی برینەكەی سەعد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ،بگرە سات لەدوای سات ترسناكتر دەبوو .. ڕۆژێكیان پێغەمبەری خودا (صلى الله علیه وسلم ) چوو بۆ سەردانی سەیری كرد لە چركەساتەكانی ماڵئاواییدایە ، جا پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) سەری هەڵگرت و خستیە كۆشیەوە و لەخودای گەورە پاڕایەوە: ( خودایە سەعد لە پێناوی تۆدا تێكۆشا و بڕوای بە پێغەمبەرەكەت هێنا و ئەوەی لەسەری بوو بە جێ هێنا و جا گیانی بە چاكترین شێوەی وەرگرتنی گیان وەربگرە )

ووشەكانی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم )بەسەر گیانی ماڵئاوایكاریدا فێنكی وهێمنی داباراند هەوڵی داو چاوەكانی كردەوە بەو ئومێدەی كە ڕوخساری پێغەمبەری خوا دواین شت بێت كە لەژیانیدا چاوی پێ بكەوێت پاشان ووتی :(سڵاوت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا ...منیش شاهیدی دەدەم كە پێغەمبەری خوایت )ئا لەو كاتەدا پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) سەرنجی ڕوخساری سەعدی داو فەرمووی :( خۆشی لەتۆ ئەی باوكی عەمر )

مردنی ئەم هاوەڵە لای موسڵمانەكان زۆر سەخت بوو ...... بەڵام زۆر پایە بڵندبوو كاتێك گوێبیستی پێغەمبەرەكەیان بوون دەیفەرموو : ( عەرشی خودای گەورە بۆ مردنی سەعدی كوڕی موعاذ لەریەوە )

**پشتیوان محمد : دەرچووی عەرەبی**

=====================

# نەخۆشی ئایدز

ئەو نەخۆشیە كوشندە وترسناكەی كەوا تاوەكو ئێستا چارەسەری نەدۆزراوەتەوە، كەچی دۆزینەوەی زۆر ئاسانە بەڵام چارەسەركردنەكەی زۆر قورس وگرانە، ئەو نەخۆشیەی كەوا وولاَتانی ئەورووپای هەژاند وبەپێی ئاماری ساڵی (١٩٩٩) لە یەك ساڵدا زیاتر لە دوو ملیۆن ونیو گیرۆدەی ئەم نەخۆشیە بوون، ئەمە بەپێی ئامارە ڕەسمیەكان چ جای ئەوانەی كەس پێیان نازانێت.

ڕۆژێكی جیهانیان داناوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی كە بەملیۆنەها دۆلار تەرخان دەكەن بۆ چارەسەركردنی تەنها یەك كەس، وملیارەها دەبەخشن ئەویش لە ئەنجامی دووركەتنەوەیانە لە دینی خوای پەروەردگار.

ئەگەر تەماشای حیكمەتی خوای پەروەردگار بكەین ژن وپیاوێك چەندین ساڵ بەیەكەوە دەژین تووشی ئەو نەخۆشیە نایەن بەڵام كە بەحەرام ئەنجامی بدەیت ئەوا گیرۆدەی دەبیت، ئەمەش بەڵگە ونیشانەی ڕوونی شەریعەتی پەروەردگارە كە هەر كەسێك دەستی پێوە بگرێت ئەوا سەربەرزە وهەر كەسیش لێی لابدات سەرشۆڕ وسەركزە.

## چارەسەر چیە؟

چارەسەر گەڕانەوە بۆ لای خوا گەڕانەوە بۆ لای دینەكەی خوای پەروەردگار كە بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامەتی وڕوو بكەینە پەروەردگار وواز لە خراپە وچەپەڵی بهێنین وعەقڵمان بەكاربخەین، كەوا شەهوەت وئارەزوویەكی چەند ساتی زاڵ نەكەین بەسەر ئێش وئازار وسزای دۆزەخ، مرۆڤی ژیر ئەوەیە كەوا خۆشیەكی هەتا هەتایی فەزڵ دەدات بەسەر خۆشیەكی چەند ساتی كەمدا كە سەرشۆڕی دونیا وئاخیرەتی بەدوادا دێت.

علی خان / دەرچوی كۆمەڵایەتی

# مەترسی جلە وەرزشیەکان لەسەر قەبوڵ نەبوونی نوێژەکانمان

الحمد لله وحده ، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعده ....و بعد :

نوێژ کردن ڕاوەستانی موسڵمانە لە بەرامبەر خوای پەروەردگار و بەرز ڕاگرتنی بە سوجدە بۆ بردن و پاڕانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین گفتوگۆیە لەنێوان بەندەی موسڵمان و خوای پەروەردگار .

بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان بەتایبەت لاوان پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بونەتەوە کە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : (يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) (سورة الأعراف:٣١)

زانایان سەبارەت بە (عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) ئەڵێن واتە : لە هەموو نوێژێکدا .

ئەگەر دیقەت بکەین ئەبینین زۆرێك لە لاوان کە ئیشێکی هەبێ یان فەرمانبەری فەرمانگەیەك بێ یان فێرخواز بێ بەیانی زوو هەڵدەسێ سەرقاڵی خۆ گۆڕین و خۆجوانکردنەوەیە ، ڕەنگە چەن ڕەنگێك تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگە هەڵبژێرێ لەگەڵ پێڵاوەکانی بگونجێ ، ڕەنگە هێندە دوا بکەوێ فریای خواردنی نانی بەیانی نەکەوێ ، هەموو ئەمانەیش لەپێناو چی ؟ لەپێناو ئەوەی خەڵکی نەڵێن بێ زەوقە ، نازانێ جل لەبەر بکات ، دواکەوتوە ... هتد . لەولایشەوە ئاگای لەخۆی نیە کە بوەتە هۆی توڕەبوونی پەروەردگار . ڕەنگە بپرسن چۆن خۆ جوان کردنەوە ئەبێتە هۆی توڕەبونی پەروەردگار ؟ خۆ ئیسلام دینی پاك و خاوێنی و جوانیە ؟ ئەڵێم ڕاست ئەکەن ، بەڵام ئاخۆ ئەو کاتانەش کە ئەبنە میوانی پەروەردگار و نوێژ ئەکەن بەهەمان شێوە خۆتان ئەڕازێننەوە ؟ نەخێر بەڵکو زۆرێك لەم ڕۆژگارە هەرکە گەیشتە ماڵەوە جلەکانی دەرەوەی زوو ئەگۆڕێ لەترسی ئەوەی لەکاتی نوێژکردن ئوتوەکەی تێك نەچێ ، لە بەرامبەردا جلێکی سادە لەبەر ئەکات کە تەنانەت شەرم ئەکات پێوەی بچێتە دەرەوە بۆ شت کڕین . باشە لەخۆت بپرسە خوای پەروەردگار شایستەیە لەکاتی ڕۆیشتن بۆ ماڵەکەی یان لەکاتی گفتوگۆ کردنت لەگەڵیا خۆت بڕازێنیتەوە ، یان خۆ ڕازاندنەوە بۆ خەڵکی ؟

هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم موسڵمان واز لە خۆ جوانکردنەوە بهێنێت ، بەڵکو هانیان ئەدەم بەردەوام جلی باش لەبەر بکەن و پاك و خاوێن بن بەڵام لە سنوری شەرعی خوا تێنەپەڕێ . کەچی بەداخەوە ئەو جل و بەرگەی زۆرێك لە موسڵمانان لە کاتی نوێژکردن لەبەری ئەکەن ، شەرم ئەکەن پێوەی بچنە بازاڕ شەرم ئەکەن پێوەی بچنە شایی و ئاهەنگ و میوانی ، شەرم ئەکەن پێوەی سەردانی هاوڕێکانیان بکەن ، بەڵام شەرم ناکەن و لەئاست پەروەردگاریان بەو جلەوە ڕائەوەستن و ئەشیانەوێ پەروەردگار لێیان توڕەنەبێ ، مەترسی دارترین جلیش لاوان گیرۆدەی بونە و لە نوێژ کردن لەبەری ئەکەن جلی وەرزشی یە وەك ( تراکسوت و فانیلەی یاری و شۆرت و سێ چارەك )

**ئەم جلانە چەند مەترسیەکیان هەیە لەسەر نوێژی موسڵمان :**

١ - تراکسۆت و سێ چارەك دەبنە هۆی دەرکەوتنی عەورەتی موسڵمان ، هەربۆیە زانایانی هاوچەرخ تەنانەت مەرجیان داناوە بۆ نوێژ کردن بە پانتۆڵیشەوە کە دەبێ ( فراوان بێ و لەسەروی قاپ دان بێ و کراسەکەش بدرێ بەسەریا لەترسی دەرکەوتنی عەورەت ) کەواتە حوکمی تراکسۆت قورسترە .

٢ ـ هێمای تیپەکان لەسەر جلە وەرزشیەکان بە گشتی یان خاچە (صلیب) یان ( وێنەی گیاندار )ە یان ( وشەی ناشیاو ) وەك ووشەی ( NIKE ) کە زانایان ئەڵێن نوێژکردن پێوەی دروست نیە . هەموو جلە وەرزشیەکانیش هێمای (NIKE) یان پێوەیە

٣ ـ جلە وەرزشیەکان یان ووشەی ( NIKE )ی پێوەیە یان ئەم هێمایە کە مەبەست پێی (NIKE) ە ، ( NIKE) یش واتە : خوای سەرکەوتنی ڕۆمانەکان ، ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، کەچی زۆرێك لەکاتی نوێژەکانیان لەبەری ئەکەن .

٤ ـ نوێژکردن بە جلی وەرزشی بە بچوك ڕوانینە بۆ نوێژ و پێچەوانە کردنەوەی ئەم ئایەتەیە : (يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) (سورة الأعراف: ٢١) کە فەرمانی داخوازی (أمر)ی تیایە .

٥ ـ جلە وەرزشیەکان دەبنە هۆی سەرقاڵ کردنی چواردەور لە نوێژەکانیان ، چونکە ڕەنگە تۆ جلی یاریزانێك لەبەر بکەی هەموو ئەوانەی خۆشیان ئەوێ و ئەوانەش ڕقیان لێیەتی بە ڕوانینیان بۆ ئەو جلە سەرقاڵ ئەبن و بیریان ئەکەوێتە لای ئەو یاریزانە و نوێژەکانیان بە ناتەواوی و کەم و کوڕیەوە ئەنجام ئەدەن ، چونکە بیریان لای فانیلەی ئەو یاریزانەیە کە تۆ لەبەرت کردوە ، لەم حاڵەتەشدا تۆ هۆکاری ئەو تاوانەی .

هەروەها سەبارەت بە جلی وەرزشی زانای پایەبەرز ( صالح بن فوزان الفوزان ) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەو کەسانەی جلی وەرزشی لەبەر ئەکەن فەرمووی : موسوڵمان بۆی نیە ئەو جۆرە جلانە لەبەر بکات کە وێنەی گیانداری پێوە بێت . وە ئەگەر ئەو وێنانە تایبەت بێت بە بێ باوەڕانەوە ئەوا کارەکە ترسناکتر و توند ترە چونکە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستیان . ئاشکرایشە خاچ (صلیب) و ( NIKE ) تایبەتە بە بێ باوەڕانەوە .

هەروەها سەبارەت بەم جلانە لیژنەی هەمیشەیی فەتوا دان ئەڵێن : نابێت بە جلێکەوە نوێژ بکرێت کە وێنەی گیاندار (مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر) ی پێوە بێ ، وەنابێ لە کاتەکانی تریش لەبەر بکرێت .

ئەگەر دیقەتی جلی یانە وەرزشیەکانی تۆپی پێ بدەی دەبینیت زۆرێکیان وێنەی مرۆڤی پێوەیە وەك (یانەی ئەیاکس) یان وێنەی گیاندار وەك (یانەی رۆما).. هتد .

کەواتە ئەگەر وێنەی گیاندار و ناوی یاریزان ڕێگە پێنەدراو بێت ئەوا وێنەی خاچ مەترسیدارترە ، هەر لەم بارەیەوە لە بوخاری هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ئەگێڕنەوە کەوا : لم يكن يترك في بيته شيئا فيه تصاليب إلا نقضه والتصليب صور الصليب ، غاية المرام / ١٤٢ (التصليب واتە وێنەی خاچ)

**هەروەها تراکسۆتەکان ٣ مەترسی گەورەی تیایە :**

**یەکەم /** ئاشکرایە تراکسۆتەکان زۆر تەسکن : ئەمەش لەکاتی نوێژ و لە رکوع و سجودەکاندا ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی عەورەت ، ئاشکرایشە یەکێك لە مەرجەکانی نوێژی وەرگیراو ئەوەیە خاوەنەکەی خۆی بپارێزێ لە دەرکەوتنی عەورەتی ، بۆیە ناچار کاکی نوێژخوێن لەبەر تەسکی تراکسۆتەکەی و لەترسی دەرکەوتنی عەورەتی سجودو رکوعەکانی تەواو ناکات بەمەش تاوانبار ئەبێ و خوای پەروەردگار سەیری نوێژەکەی ناکات هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت :

" لا ينظر الله عز وجل إلى صلاة عبد لا يقيم صلبه بين

رکوعها وسجودها " .

هەروەها ئەم جۆرە کەسانە پێغەمبەری خوا ﷺ بە(دز) ناویان ئەبات . وەك ئەفەرموێ : دز ترین خەڵکی ئەوانەن کە دزی لە نوێژەکانیان ئەکەن . فەرمویان چۆن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرموی : نە ڕکوعی بە تەواوی دەکاو نە سجودی .

هەروەها ابو هریرە رضي الله عنه فەرمویەتی : کەسی وا هەیە شەست ساڵ نوێژ ئەکات کەچی تەنها نوێژێکی لێی وەرناگیرێ ، پرسیان چۆن ؟ فەرموی : نەڕکوعی بەتەواوی دەکاو نەسجودی و نە وەستانی و نە خشوعی .

دووەم / تراکسۆتەکان شۆڕن و لە خواروی قاپدانی کاکی نوێژخوێنەوەن ، بۆ ئەمەش خوای پەروەردگار بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە جلەکانیان لە خواروی قاپدانیانەوەیە کە سزایەکی سەختیان بدات هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ "... الْمُسْبِلُ . واتە : سێ جۆر کەس هەن خوای پەروەردگار لە قیامەتدا نە قسەیان لەگەڵ ئەکات و نە سەیریان دەکات و نە لە تاوانیش پاکیان دەکاتەوە ، وە سزایەکی سەختیشیان بۆ هەیە لەوانەش : کەسێك جلەکەی لە خواروی قاپ دانیەوە بێت .

سێیەم / تراکسۆت لەو جۆرە جلانە نیە کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردوە لە نوێژەکانمان خۆمانی پێ برازێنینەوە وەك لەو ئایەتەی سەرەوە خستمانە ڕوو ، کەچی کاکی نوێژخوێن بە مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار نوێژ ئەکات بەڵام لە لایەکی ترەوە سەرپێچی ئەو فەرمانەی پەروەردگار ئەکات کە فەرمانی پێ ئەکات بە جلێکی شایستەوە نوێژەکانی ئەنجام بدات . لێرەدا حەق وایە هەموو موسڵمانان لەخۆیان بپرسن ئاخۆ هیچ خاچ پەرست و بێباوەڕێك ئامادەیە لەکاتی نوێژ کردنی تایبەت بەخۆیان جلێك لەبەر بکات کە (لا إله إلا الله)ی پێوە بێت یان ناوی (الله) یان (محمد) یان وێنەی (کعبة) و( مزگەوت ) یان هەر دروشمێك لە دروشمەکانی ئیسلامی پێوە بێت ؟

نەخێر لەبەری ناکەن بەڵکو بە هەموو هێز و توانایانەوە دژایەتی دروشمەکانی ئیسلام ئەکەن و هەوڵ ئەدەن لە پێش چاو خەڵکی چەواشەیان بکەن . کەواتە موسوڵمانی بەڕێز ئاگادار بە لە کاتی نوێژەکانت و لە کاتەکانی تریشت دروشمی بێباوەڕان لەبەر مەکە ، مەهێڵە دروشمی دوژمنانی خوا لەسەر جلەکانت بێ ، ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەیت خۆش ئەوێ لەکاتی نوێژەکانت ئاگات لە جلەکانت بێ . جلێك لەبەر بکە شایستەی ئەو زاتە بێ سوژدەی بۆ ئەبەی ، جلێك لەبەر بکە وێنە و ناو و دروشمی بێ باوەڕانی پێوە نەبێ . پاشان خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ﴾ ( العنكبوت : ٤٥ )واتە : بە ڕاستی نوێژ بەرهەڵستی مرۆڤە لە کاری خراپ و ناپەسەند و تاوان .

کەواتە کوا نوێژی کەسێك بەرهەڵستی ئەکات لە کاری خراپ و ناپەسەند و تاوان لەکاتێکدا نوێژ بە جلێکەوە بکات وێنە و دروشمی کافران و بێباوەڕان و دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی پێوە بێت ؟!! یان نوێژ بە جلێکەوە بکات عەورەتی دەربخاو ناشەرعی بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ